# رۆڵی دامەزراوە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان لە پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی

**پ ی. د. بارزان جوهر صادق**

https://doi.org/10.17656/jlps.10334

**زانکۆی سەلاح**ەددین – هەولێر/ کۆلێژی زانستە سیاسییەکان

barzan.sadq@su.edu.krd

بوختة

بیرۆکەی ئەم توێژینەوەیە لەوەوە هات کە ئاسایشی نەتەوەیی لەسەر بنەمای کۆمەڵێک دام و دەزگا دەپارێزرێت و بەرەوپێشەوە دەچێت، ئەم دەزگایانەش ئەگەر بەدامەزراوەیی بن و لەسەر بنەمای دەستوور و یاساکان بەڕێوە ببرێن، دەبنە کۆڵەکەی سەرەکی بەهێزبوونی پەیوەندییەکانی خەڵک و دەسەڵات لەلایەک و نیشاندانی سیستەمەکە وەکو سیستمێکی سیاسی بەهێز لەدەرەوە لەرووی دیمۆکراسی و ئازادی و بنەماکانی مافی مرۆڤ.

هەرێمی کوردستان زیاتر لە هەر کیانێکی تر، پێوستی بە بوونی رەوایەتی سیاسی و یاسایی دامەزراوەکان هەیە لەبەر ئەو بارە سیاسییەی قەوارەکە لەناو عێراق و ناوچەکە هەیەتی. ئەم توێژینەوەیە دەیەوێت وابەستەیی هەردوو تیۆری دامەزراوەیی و ئاسایشی نەتەوەیی لەرووی زانستی پراکتیزە بکات لەسەر خوێنەوەی بار (دراسة حالة)ەکەی بەتایبەت ئاسایشی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان لە دوای بڕیارەکانی دادگای فیدڕاڵی و مامەڵەی حکومەتی فیدڕاڵی عێراق سەبارەت بە راگرتنی نەوت و ئابووری سەربەخۆ، هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمانی کوردستان، هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنی پارێزگاکان، ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق، هەوڵەکانی کۆنترۆڵکردنی دەروازەکانی زەمینی و ئاسمانی هەرێمی کوردستان و ...هتد. واتە توێژینەوەکە تیشکی خستۆتە سەر گرنگی بەدامەزراوەیبوونی دەزگاکانی یاسادانان و جێبەجێکردن و رۆڵیان لەپاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان.

دەرهاوێشتەکانی توێژینەوەکە نیشانی دەدەن کە ئەگەرچی هەرێمی کوردستان خاوەنی دامەزراوەی یاسایی و دەستوورییە، بەڵام دەستوەردانی پارتە سیاسییەکان و سەرکردەکانیان لەناو دامەزراوەکان بەربەستی سەرەکی بەردەم پرۆسەی بەدامەزراوەیبوون و لاوازی و لەرزۆکی دامەزراوەکانن. ئەمە بۆشایی گەورەی لەنێوان خەڵک و دەسەڵات لەئێستادا دروست کردووە. لەبەر ئەم هۆکارە، دامەزراوەکان لەئاستی خواست و پێوستی خزمەتکردنی هاوڵاتیان نین و لەمەش خراپتر گەیشتۆتە بارێک کەدامەزراوەکانی فیدڕاڵی عێراق وەکو دادگای باڵای فیدڕاڵی و حکومەتی عێراقی دەست واڵاکردووە کەدەستوەردان بکەن زیاتر لەو دەسەڵاتەی دەستوور پێی داون. ئەمەش لێکەوتەی خراپی لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی لەهەرێمی کوردستان دروست کردووە.

وشە کلیلییەکان: ئاسایشی نەتەوەیی، دامەزراوەیبوون، هەرێمی کوردستان، بڕیارەکانی دادگای فیدڕاڵی.

# دور المؤسسات الرسمية في إقليم كردستان في حماية الأمن الوطني

**أ.م. د. برزان جوهر صادق**

**جامعة صلاح الدين – أربيل / كلية العلوم السياسية**

**الخلاصة**

جاءت فكرة البحث من أن الأمن القومي يُمكن الحفاظ عليه وتعزيزه عن طريق مجموعة من مؤسسات وهيئات تتم تأسيسها وإدارتها على أسس من الدستور والقوانين، فحينها تصبح هذه المؤسسات والهيئات مرتكزات أساسية لتعزيز العلاقات بين المواطنين والسلطة من ناحية، وعرض النظام كنظام سياسي قوي في الخارج من حيث احترام مبادئ الديمقراطية والحرية وحقوق الإنسان وغيرها، من ناحية أُخرى.

إن إقليم كوردستان، أكثر من أي كيان آخر، بحاجة إلى وجود الشرعية السياسية والقانونية للمؤسسات، بسبب أو نتيجة للوضع السياسي له في العراق والمنطقة. وهدف هذا البحث تحويل علاقة الترابط بين نظريتي المؤسساتية والأمن القومي الى الممارسة العملية علمياً على دراسة الحالة، وخاصة الأمن القومي لإقليم كوردستان، بعد قرارات المحكمة الاتحادية ومعاملة الحكومة الاتحادية العراقية تجاه ايقاف تصدير نفط الإقليم والإقتصاد المستقل له، وحل برلمانه، ومجالس محافظاته، وإجراء الانتخابات البرلمانية فيه، من قبل المفوضية العليا المستقلة للانتخابات في العراق، وكذلك بعد محاولات الحكومة الفدرالية للسيطرة على المنافذ البرية والجوية في إقليم كوردستان، وغيرها. فيسلط هذا البحث الضوء على أهمية المؤسسات التشريعية والتنفيذية ودورها في حماية الأمن القومي لإقليم كوردستان.

وتشير نتائج البحث إلى أنه على الرغم من وجود مؤسسات قانونية ودستورية في إقليم كوردستان، إلا أن تدخل الأحزاب السياسية وقياداتها في المؤسسات، يُعد العائق الرئيس أمام عملية تأسيس المؤسسات الشرعية، وسبب ضعفها، مما أدّى إلى خلق فجوة كبيرة بين المواطنين والسلطة، ولهذا السبب فإن مؤسسات إقليم كوردستان ليست على مستوى المطلوب والحاجة لخدمة المواطنين، كما أنه أدى وهو الأسوء الى فتح المجال أمام المؤسسات الاتحادية العراقية، مثل المحكمة الاتحادية العليا والحكومة العراقية، للتدخل في شؤون الإقليم خارج الصلاحيات الممنوحة لهم من قبل الدستور، وكل ذلك له تأثير سلبي على الأمن القومي في إقليم كوردستان.

**الكلمات المفتاحية:-** الأمن القومي ، المؤسسية، إقليم كردستان، قرارات المحكمة الاتحادية.

## The Role of Kurdistan Region's Formal Institutions in Protecting Nation Security

**Assistant professor ,Dr. Barzan Johar Sadiq**
**Salahaddin University – Erbil/ College of Political Sciences**

**Abstract**

National security can be maintained and promoted based on several institutions, in which, if they are institutionalized and managed based on constitution and laws, they would become the main factor for safe domestic politics and foreign policy in the light of democracy, freedom and human rights. The researcher of this study investigated the presence of these legal institutions in the Kurdistan Region and how they are managed.
The Kurdistan Region more than any other political entities needs the presence of legal and legitimate institutions due to its political situation in Iraq and in the region. This paper aims to scientifically practice the interdependence of both institutional and national security theories on as a case study, especially the national security of the Kurdistan Region after the decisions of the Iraqi Federal Court and the actions of the Iraqi Federal Government toward the provinces Councils, the Kurdistan parliamentary elections by the Independent High

Electoral Commission (IHEC). It also investigates the efforts of the Iraqi government to control the land and airports of the Kurdistan Region. The study highlights the importance of legislative and executive institutions and their role in protecting the national security of the Kurdistan Region.

The findings of the study showed that although the Kurdistan Region has legal and constitutional institutions, the interference of political parties and their leaders in the institutions are the main obstacles to the process of institutionalization and weakness of the institutions. This has created a huge gap between the people and the authorities. For this reason, the institutions of the Kurdistan Region are not up to the level of demand and need to serve the citizens. The Iraqi federal institutions such as the Federal Supreme Court and the Iraqi government have interfered more than their authority in Iraqi constitutions. This has had a negative impact on national security in the Kurdistan Region.

Keywords :National security, institutionalization, Kurdistan Region, Federal Court decisions.

### ١ – پێشەکی

ئامانجی سەرەکی لەدروستبوونی دەوڵەت بۆ ئاسایشی نەتەوەیی یان ئاسایشی کۆمەڵگە بووە. ئەم پرۆسەیەش بەبێ بونیادنانی دامەزراوەکان دەستەبەر نەبووە، بۆیە هەر لەکۆنەوە دامەزراوەکان رۆڵی گرنگیان لەبونیاد، پاراستن و پێشکەوتنی دەوڵەت هەبووە و بەپێچەوانەشەوە هەرکات دامەزراوەکان بەرەو پوکانەوە رۆیشتوون، دەوڵەتەکە کەوتۆتە لەرزۆکی و کێشەوە. بەدرێژایی مێژوو، هەڵسەنگاندنی باری دەوڵەت و کیانە سیاسییەکان بەهۆی هێز و توانستی دامەزراوەکانەوە (Institutions Capacity) بووە. دامەزراوە فەرمییەکان رەنگدانەوەی ئەزموون و توانا و هۆشیاری مرۆیی نەتەوەکانن. بۆیە فاکتەرەکانی بونیادنان و ئەزموون و هێزی دامەزراوەکان، بگۆڕە سەرەکییەکانی دامەزراوەکانن و هەر یەکەیەکی ناو سیستمی دامەزراوە بەرکەوتەی دەبێت لەگەڵ ئەم گۆڕاوانە و دواترش لێکەوتەی لەسەر ئەدای دامەزراوەکە دەبێت.

ئەم گۆڕاوانە کاریگەریان لەسەر دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان هەبووە و لەبەرئەنجامی ئەمەوە باری ئاسایشی نەتەوەیی لەهەرێمی کوردستان لەهەڵبەز و دابەی بەردەوام بووە. دامەزراوەی نافەرمی وەکو پارتی سیاسی پێش دامەزراوەکانی فەرمی هەرێمی کوردستان هەبووە و رەگێکی کۆنتر و قوڵتریان هەیە و لەبەرکەوتەیان لەگەڵ دامەزراوەکانی فەرمی کێشەیان بۆ سیستمی سیاسی و بونیاد و هێز و ئەدای دامەزراوەکان دروست کردووە کە لەگەڵ فاکتەرەکانی کولتووریی و داخراویی و خراپی هەڵکەوتەی جوگرافیی بوونەتە مەترسی لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی کورد لەهەرێمی کوردستان.

### ١-1- پرسیارەکانی توێژینەوە

پرسیاری سەرەکی توێژینەوەکە: ئاڵنگارییەکانی بەردەم بە دامەزراوەیبوون و رۆڵ و لێکەوتەکانی لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی لەهەرێمی کوردستان چین؟ پرسیارە لاوەکییەکانیش ئەمانەن:

١- ئایا بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی عێراق و حکومەتی عێراقیی هەڕەشەن لەسەر دامەزراوەکان و ئاسایشی نەتەوەیی لەهەرێمی کوردستان؟

٢- ئایا کولتووری نەتەوە، جوگرافیاو نوخبەی سیاسی یان بەهێزی دامەزراوەکان کامیان دەتوانن ئاسایشی نەتەوەیی لە هەرێمی کوردستان بەهێزبکەن و گەشەی پێ بدەن؟ کێشە لەسەرچاوەی مرۆیی و سروشتی هەیە بۆ بەهێزبوون یان بێ هێزی

دامەزراوەکان؟ چۆن هەر سێ فاکتەری کولتوور و جوگرافیا و نوخبە لەگەڵ دامەزراوەکان دەخرێتە خزمەتی پێشکەوتن و پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی؟

### ١-2- گریمانەی توێژینەوە

لەگەڵ فاکتەرەکانی جوگرافیی و کولتوریی، خراپی ئەدا و ململانێی پارتە سیاسییەکان کێشەی بۆ دامەزراوەیبوون دروست کردووە و ئەمەش لێکەوتەی خراپی لەسەر ئەدای دامەزراوەکان و بۆشایی یاسایی و سیاسی هەبووە بۆ کردنەوەی دەرگا بۆ دەستکراوەی دادگای باڵای فیدراڵی و حکومەتی عێراق بۆ دروستکردنی مەترسی لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی لەهەرێمی کوردستان.

گریمانی لاوەکی توێژینەوەکە: کولتوور و جوگرافیا و نوخبە ناتوانن ببنە فاکتەری بەهێزبوون و گەشەسەندنی هەرێمی کوردستان بەبێ بونیادنانەوەی دامەزراوەکان وەکو دامەزراوەی سەربەخۆ و بەهێزی نیشتمانی.

### ١-3- گرنگی توێژینەوە

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە وابەستەییەک لەنێوان دامەزراوەیبوون و پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی لەهەرێمی کوردستان بدۆزینەوە و دواتر لەسەر بنەمای چوارچێوەی تیۆری دامەزراوەیی، ئاڵنگارییەکانی بەردەم پرۆسەی بەدامەزراوەیبوون و هۆکارەکانی لاوازی دەزگا فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان دیاربخەین، ئینجا لێکەوتەی ئەم لایەنە نەرێنییەی گۆڕاوی سەربەخۆی توێژینەوەکە لەسەر گۆڕاوی وابەستە (ئاسایشی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان) پراکتیزە بکەین. ئەمەش گرنگە، چونکە لەرووی ئەکادیمییەوە بەشێوەیەکی بابەتیانە بەربەستەکانی بەردەم بەدامەزراوەیبوون و بایەخی ئەم پرسە دەزانرێت و لێکەوتەکانی لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی دەخرێتەڕوو کە رۆڵی دەبێت لەسەر هۆشیاری نەتەوەیی و هەستکردن بەبەرپرسیاریەتی بۆ گەڕاندنەوەی رەوایەتی راستەقینەی سیاسی و مەشروعیەتی یاسایی بۆ دامەزراوەکان. هەتا دامەزراوەی بەهێزی نەتەوەیی دروست نەکرێت، ئاسایشی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان بەهێز نابێت.

### ١-4- میتۆدی توێژینەوە

توێژینەوەکە لەچوارچێوەی رێبازی هێرمۆنۆتیکی (تفسیری) و میتۆدی چۆنایەتی (Qualitative Method) ئەنجامدراوە کە چوارچێوەی گشتی تیۆرەکەمان لەسەر ئەو بارە تایبەتە (Case Study)ی کە ئاسایشی نەتەوەیی هەرێمی کوردستانە لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکەین جێبەجێ دەکات، بەشێوەیەک دەمانەوێت لەسەر ئەو بنەمایە بەسود وەرگرتن لەو میتۆدە گریمانەکەمان تاقی بکەینەوە و لەراستی یاخود رەتکردنەوەی گریمانەکەمان دڵنیا ببینەوە.

### ١-5- پەیکەری توێژینەوە

بۆ دیزاینی توێژینەوەکە بە پێویستمانزانی کە لەرووی تیۆرییەوە مەعریفەسازییەک لەچەمک و تیورناسی و وابەستەیی هەردوو گۆڕاوی سەرەکی (دامەزراوەیبوون و ئاسایشی نەتەوەیی) بەکورتی بکەین، ئینجا بپرژێینە سەر خوێندنەوەی باری توێژینەوەکە. بۆ ئاشنا بوون بە بونیادی دامەزراوەکان و ئەدای دامەزاراوەکانی هەرێم، کورتە باسێکمان پێشکەشکردووە و دواتر راستەوخۆ باسمان لەئاڵنگارییەکانی بەردەم بەدامەزراوەیبوون کردووە. ئینجا لێکۆڵینەوە لە رۆڵی ئەم دامەزراوانە لەپاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی لەهەرێمی کوردستان کراوە کەبەهۆیەوە وەڵامی پرسیارەکانی توێژینەوەکە و هەڵسەنگاندنی گریمانەکەمان دەست دەکەوێت و هەندێک پێشنیار دەخەینەڕوو.

## 2- چوارچێوەی تیۆریی پەیوەندی دامەزراوەیبوون و ئاسایشی نەتەوەیی

## ٢-١- تیۆری دامەزراوەیی

### ٢-1-1- ناسینی تیۆرەکە و گریمانەکانی

1- دوای راگوزەری کۆمەڵگە لە قۆناغی کلاسیکی و سەرەتایی بۆ قۆناغی سیاسی، بەدامەزراوەیبوونی دەسەڵاتی سیاسی دەست پێدەکات. لێرەدا ڤیبەر پێی وایە کە سروشتی دەسەڵاتی سیاسی لە کۆمەڵگەی نوێدا دوو رەگەزی سەرەکی هەیە: عەقڵانییوون و بەدامەزراوەیبوونە. لەناو دامەزراوەیبوون، ئێمە لێرە تەنها تیشک دەخەینە سەر دامەزراوە سیاسییەکان، کە بریتیین لەو ئۆرگانانەی کە ژیانی تاکەکان لە کۆمەڵگەی نوێدا لەرووی سیاسی و کارگێڕییەوە رێک دەخەن و دەسەڵاتی سیاسی باڵاترین دامەزراوەی سیاسییە کە دەوڵەت بەڕێوە دەبات. دەسەڵاتی سیاسی بەردەوام جێگیرە و مانەوە و لەناوچوونی بەند نیە بە خودی پراکتیزەکارانی دەسەڵاتەوە. لەژێر سایەی یاسایەک کاردەکات کە ئامانجی بەدیهێنانی چاکەی گشتییە. بۆیە پرۆسەی بەدامەزراوەیبوون هۆکارە بۆ بە سیستم بوون و رێکخستنی کۆمەڵگە و دەبێتە هۆی بەهەدەرنەدانی سامانی گشتی و بنبڕکردن یان کەمکردنەوەی گرفتەکان و جیاوازە لە چەمکی دامەزراوە، چونکە دامەزراوە لەلایەن زانایانی کۆمەڵناسی بۆ پۆلێنکردنی داب و نەریت و کولتوور هاتەکایەوە، بەڵام بەدامەزراوەیبوون پرۆسەیەکە پێویستی بە رێکخستن و پرۆگرامە و گواستنەوەی دەسەڵاتە لەدەستی تاک یان گروپێک کە قۆرخی دەسەڵاتیان کردووە و سنوورەکانیان دیار نین، بۆ دەستی کەسایەتییەکی مەعنەوی (عبدالکریم ، ٢٠٢٣: ل٤٩-٥٣)، کە ئەویش بەگوێرەی یاسا و رێسایەکی تایبەت بەڕێوەی دەبات.

2- تیۆری دامەزراوەیی تیشک دەخاتە سەر رۆڵی یاساو نۆرم و باوەڕە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان لە دیاریکردن و سنووردارکردن و بەهێزکردنی چالاکییە کۆمەڵاتییەکان (کە هەموو چالاکییە سیاسی و ئابوورییەکانیش دەگرێتەوە) ( Dlemestri, 2007: 683). لایەنگرانی تیۆرەکە، پێیان وایە کە دامەزراوە بریتییە لە کۆمەڵێک یاسا کە کارلێکی کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی تایبەت رێکدەخات (Stevenson, Hamm, Spiegelman, and Hedlund: 2009: 9) و خودی دەوڵەتیش پێکهاتووە لە کۆمەڵێک دامەزراوەی ئاڵۆز کە لەتوانایدایە پەیکەربەندی ئەم دامەزراوانە لەگەڵ دیاریکردنی تایبەتمەندی و ململانێی نێوانیان لەئەستو بگرێت (عبدالکریم، ٢٠٢٣: ل٨٢).

3- ئەم تیۆرە لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەهەم و سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم سەریهەڵدا بۆ لێکۆڵینەوە لە دیاردە سیاسییەکان و دەستووورە نوسراو و نەنوسراوەکان و سیستمی پەرلەمانی و سەرۆکایەتی و فیدراڵی و ...هتد. لەقۆناغی پێشوو بایەخی بە جیاوازی و لێکچوونەکانی سیستمە سیاسییەکان دەدا، بەڵام لە پەنجاکان و شەستەکانی سەدەی رابردوو بەهۆی سەرهەڵدانی تیۆرەکانی رەفتارگەرایی و تیۆری سیستم بەرەو پاشەکشە رۆیشت (عبدالکریم، ٢٠٢٣: ل١٠٧-١٠٨). هەرچەندە چەندین توێژەر لەقۆناغی جیاواز توێژینەوەیان لەسەر ئەم بابەتە کردووە، بەڵام بەگشتی بەسەر دامەزراوەگەرا کۆن و نوێیەکان دابەش بوون و هەردوو دامەزراوەگەرایيە کۆن و نوێیەکانیش بانگەشەی ئەوە دەکەن کە بەدامەزراوەییکردن سەقامگیری و بەردەوامیی فۆرم و ڕەفتارە پێکهاتەییەکان بەرهەم دەهێنێت. دامەزراوەگەرا کۆنەکان جەخت لەسەر پرۆسەکانی وەکو چەسپاندنی بەها لەلایەن سەرکردەکانەوە دەکات (Fleck, 2007: 65-66) لە بەرامبەردا دامەزراوەگەرایی نوێ ڕێبازێکی گشتگیرتر دەگرێتەبەر، گرنگی بە رێکسختنی خێرایی گۆڕانکارییەکان و خۆگونجاندن دەدەن (Dlemestri, 2007: 683) و سەرنجیان لەسەر رەفتاری دەزگاکانە و پێیان وایە بەهۆی یاساکانەوە دەتوانرێت رەفتاری کۆمەڵایەتی تاکەکان و گروپەکان لە قاڵب بدرێت و ئەم دامەزراوانە

وادەکات کە تێگەیشتن و بیروباوەڕی هاوبەش بۆ لۆژیک و ئەخلاقی بەڕێوەبردن هەبێت ( Osho, Abasi and Ekweli 2017: 488).

4- هانتگتون یەکێک لە توێژەرە بەناوبانگەکانی تیۆری دامەزراوەییە، پێی وایە کە کۆبوونەوەی تاکەکان لەکۆمەڵگە پێویستی بە ڕێکخستنی ڕەفتار و بەرژەوەندییەکانی تاک و گروپەکان هەیە و بۆ ئەمەش دەبێ دەزگای تایبەت و جیاواز هەبن و ئەم دەزگایانەش بە دامەزراوەیی بن (Huntington, 1968: 9-10). لە ئەنجامی بەردەوامی کاری دامەزراوەکانیش، ئەم تیۆرە پێی وایە کە ڕەفتار و هەڵسوکەوت و مامەڵەی تاکەکان شوازێکی بۆ ماوەیی وەردەگرێت (Guy, 2000: 2)، بەو مانایەی کە دامەزاوەیبوون، بەرهەمهێنەری کولتووری سیاسی نەتەوەکانە. لەئەنجامدا دامەزراوەی بەهێز، نەتەوەی بەهێز و خۆڕاگر دروست دەکات بۆیە بە بڕوای هانتگتون، پێشکەوتنی کۆمەڵگە پشت دەبەستێت بەئاستێکی فراوانی تاکەکان لە چالاکییە سیاسییەکان لەناو چوارچێوەی دامەزراوەکان. لەسەر ئەم بنەمایانە، ئەم تیۆرستە لەکتێبەکەی بەناوی ( Political order in changing society) بوونی دامەزراوە سیاسییەکان بەپێویستییەکی گرنگی سیستەمی سیاسی دادەنێت (Huntington, 1968: 9-10).

**٢-١-٢- ئامانجەکانی بەدامەزراوەیبوون**

تیۆری دامەزراوەیی پێی وایە کە ئامانجی دامەزراوەیبوون بریتییە لەهێنانەکایەوەی سەقامگیری و بەردەوامی چالاکی و کارلێکە کۆمەڵایەتییەکان لە کۆنتێکستێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو (Dlemestri, 2007: 683). لێرەدا دامەزراوەیبوونی دەزگاکان بۆ چەندین ئامانجی گشتی یان تایبەتییە. بۆ نموونە دامەزراوەی پەرلەمان بۆ نوێنەرایەتی گشتی خەڵکە، بەڵام هەندێک کات دامەزراوە دەبێتە ئامانجی کەسێک یان گروپێک بۆ ئامانجێکی دیاریکراو (مەنوفی، ٢٠٠٧، ل١١).

ئامانجێکی تری دامەزراوەییبوون ڕێکخستنی ئەو پشێوی و پەرتەوازەیی و نابەرپرسیاریەتییە کە لە کۆمەڵگە هەیە بۆ چوارچێوەیەکی عەقڵانی لەلای تاکەکان (Dlemestri, 2007: 683) وەکو ماکس ڤیبەر جەختی لێدەکاتەوە.

لەلایەکی ترەوە، سەرچاوەکانی سروشتیی و تەنانەت مرۆیش لە وڵات دانامەزرێن، ناتوانرێت بەگەڕبخرێ، یان سودیان لێوەربگیرێت بەبێ بەدامەزراوەیبوونیان لەڕێگەی بونیادنانی دەزگای تایبەت و یاسا و ڕێسای بەکارخستن و ڕێکخستیان لە سیستەمێکی تایبەت بۆ گۆڕینی ئەم سەرچاوانە بۆ سودی نەتەوەیی و پێشخستنی وڵات (Dlemestri, 2007: 688).

5- بە بڕوای بەشێکی تری توێژەرانی ئەم بوارە، ئامانجی سەرەکی لە بەدامەزراوەییکردن بریتییە زاڵبوون بەسەر کێشەکان و ڕزگاربوون لەنادڵنیایی و بەدەستهێنانی ڕەوایەتی (شەرعیەت) و زیادکردنی سەرچاوەکان و پاراستن و مانەوەی دەزگاکان ( Osho, Abasi and Ekweli 2017: 487).

بەگشتی دامەزراوە دیاردەیەکی سیاسی و یەکەیەکی سیاسی و کارگێڕی نێو سیستەمی سیاسییە کە خاوەن ئەرک، سنوور، سەربەخۆیی خۆیەتی و بەکارلێک لەگەڵ دامەزراوەکانی تر و بوونی یاسا و ڕێنمایی تایبەتمەند و خاوەن ڕەوایەتی گەل دەبێتە دامەزراوەیەکی فەرمی و ئامانج لە بونیادنانی دامەزراوەیبوونەکەش بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگە لە یەکسانی و دادپەروەری، سەقامگیری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی تاکەکان و گروپەکان و بەهێزکردنی پەیوەندی خەڵک و دەسەڵاتە چونکە بەشداری سیاسی بەهێز دەبێت کە ئەمەش دەبێتە هۆی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی و نیشتمانیی، چونکە نەتەوە وەکو یەکگرتنێکی سیاسی، پێویستی بە دامەزراوەی بەهێز هەیە بۆ بەنەتەوەیبوونی تاک و گروپەکان و دروستکرنی بەهاو کولتوورێکی سیاسی هاوبەش.

**٢-٢- ئاسایشی نەتەوەیی**

**٢-٢-١- چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی**

ئاسایشی نەتەوەیی لێکدراوی دوو چەمکی فراوانە. بە حاڵەتی خاڵیبوون لە هەر جۆرە هەڕەشە، هێرش و ترس یاخود ئامادەییەك بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەمانە، دەگوترێت ئاسایش (کریم، ٢٠٢٣: ٢٣٣) واتە پێچەوانەی ترسە و مانای دڵنیایی و رزگاربوون لە ترس دەگەیەنێت (قدور، ٢٠٠٩: ٩)، بۆیە ئاسایش بریتییە لە پاراستن لە هەر جۆرە پێشێلکاری و لەدەستدانی بەهاکانی وەک سەروەری، سەربەخۆیی، یەکپارچەیی خاک، پێشێلنەکردنی سنوورەکان و نەزمی ناوخۆیی و دەستووری دەوڵەتێک (Kitler, 2021:5). بەڵام نەتەوە بەکورتییەکەی بریتییە لە یەکگرتنی چەند گروپێک لەخەڵک کە خاوەن هاوبەشی کولتووریی و مێژوویی و ناسنامەیەکی یەکگرتوون (Rezwan, 2023: 1) و یەکگرتوویی ئەم کۆمیونیتیانە سیاسییە و لەژێر سێبەری یەک یاسا و سیستم بەڕێوەدەبرێت لەچوارچێوەی زەوییەکی دیاریکراودا (Kitler, 2021:11). بەلێکدراویی (ئاسایشی نەتەوەیی) بریتییە لە خەمی پاراستنی ئاسایش و رەگەز و تایبەتمەندییەکانی نەتەوەیەک لەرووی شێوازی ژیانی تاکەکان و دامەزراوە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکەی و پاراستنی هاوسەنگی ناوخۆیی و بەرگریکردن لە بەرامبەر دەستدرێژی خاکەکەی لەرووی وشکانی، دەریا و ئاسمانیی بە هەموو لایەنەکانی ناسیۆنالیزم و ئینتەرناسیۆنالیزمەوە (Anil, 2019: 102).بۆیە ئاسایشی نەتەوەیی هەم بەهایەکی باڵاو هەم ئامانجێکی باڵای دەوڵەتە بۆ پێویستی پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی و یەکگرتوویی و رزگاری نەتەوەیی و پاراستنی سەروەری و ماف و ئازادی و ئایین و دڵنیایی ژیانیان (Kitler, 2021:27).

لەلایەکی ترەوە، ئاسایشی نەتەوەیی بە دۆخێك دەگوترێت کە نەتەوەیەك دوور لە هەرجۆرە لەدەستدانێکی تەواو یان بەشێك لە دانیشتوانەکەی، داراییەکەی یان خاکەکەی خۆیدا بەسەر دەبات. لەڕووی واتاییەوە، بۆ وڵاتانی دیموکراسی زیاتر بە واتای ئاسایشی نیشتیمانی[١] پێناسە دەکرێت، بەڵام بۆ وڵاتانی دەوڵەت – نەتەوە و دەوڵەتگەلێك کە لەسەر بنەمای زاڵبوونی ئیتنیك یان گروپێکی دیاریکراو لەسەرحسێبی ئەویتری نەتەوەیی یان ئاینی بونیاد نراون، هەر بەواتای ئاسایشی نەتەوەیی دەخوێنرێتەوە. لە پێناسەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا ئاماژە بە توانای پارێزگاری و بەرگریکردنی دەوڵەتێك لە هاوڵاتییەکانی کراوە. هەڵبەت پێناسە مۆدێرنەکەی ئاسایشی نەتەوەیی گۆڕانکارییەکی زۆری بەسەردا هاتووە و تەنیا لایەنی سەربازیی ناگرێتەوە، بەڵکو پارێزگاری لە تاوان و تیرۆریزم، ئاسایشی ئابووری، ژینگەیی، خواردن، وزە و سایبێریش لەخۆ دەگرێت. بۆیە لەڕووی زاراوەی سیاسی و یاساییەوە ئاماژە بە چوار جۆر لە ئاسایشی تاکەکەسی، کۆمەڵایەتی، نەتەوەیی و نێودەوڵەتی دەکرێت (کریم، ٢٠٢٣: ٢٣٣).

ڕەگوڕیشەی بەکارهێنانی چەمکی ئاسایش نەتەوەیی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی ١٧ی جەنگەکانی بەریتانیا و جەنگی ناوخۆیی ئەو وڵاتە و وەك یەکێك لە دەرەنجامەکانی ئاشتی وێستفالیا کە دەوڵەت– نەتەوە (Nation–State) نەك تەنیا بەسەر دۆخی ناوخۆی وڵات، بەڵکو کۆنترۆڵی بەسەر ئاسایشی دەرەوەی وڵاتیشدا هەیە (کریم، ٢٠٢٣: ٢٣٣). دواتر ئەم چەمکە بەرەبەرە لەگەڵ زیادبوونی دەوڵەت نەتەوەکان و چڕبوونەوەی جەنگ و ململانێکانی نێوانیان زیاتر پەرەیسەند.

---

[١] هەرچەندە لە بواری توێژینەوەی ئێمەدا ئاسایشی نەتەوەیی و نیشتمانی جیاوازن و یەکەمیان بۆ تەنها نەتەوەیەک بەکاردێت و دوومیان بۆ ئاسایشی نیشتمانەکە بەهەموو پێکهاتەکانەوەیە، بەڵام لە ئەدەبیاتی ئاسایشی هەندێک وڵات بەتایبەت ئەمریکا، ئاسایشی نەتەوەیی بەکارناهێنن و ئاسایشی نیشتمانی (National Security) بەکاردێنن بۆ هەردوو چەمکەکە، ئەمەش لەبەرئەوەیە کە ئەمریکا دەوڵەت نەتەوە نیە، بەڵکو دەوڵەت پێش نەتەوە لەم وڵاتە لەدایک بووە و لەیەکگرتنێکی دەیان نەتەوەی جیاواز پێکهاتووە.

بەگشتی چەمکەکە پەیوەستە بە پاراستن و پێشکەوتنی رەهەند و بنەماکانی نەتەوەیەکی دیاریکراو لەناو سنورێکی جوگرافیی. سیاسەتوانانی نەتەوەکە دەیانەوێت بەها نەتەوەییەکان لەناخی تاکەکان بروێنن لەرێگەی سیاسەت و پرۆگرامێکی تایبەت، ئەمەش بەبێ دامەزراوەکان ئەستەمە. بۆیە بەدامەزراوەییبوون دەتوانێت خزمەتێکی گەورە بە ئاسایشی نەتەوەیەک بکات بەهۆی ئەو سیستم و دەزگایانەی لەناو کۆمەڵگە بەیاسا و رێساکان رێکخراون و خاوەن رەوایەتی سیاسی و یاسایین.

**٢-٢-٢- تیۆرەکانی ئاسایشی نەتەوەیی**

تیۆرێکی تایبەت و دیاریکراو بۆ چەمکەکە نیە، بەڵکو زۆربەی تیورە سیاسییەکان باسی ئاسایش و ئاسایشی نەتەوەیی پێکەوە دەکەن و هەریەک بەبیروڕای جیاواز دەڕواننە شێواز و میتۆدەکانی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی. بۆ نموونە بەلای ریالیستەکانەوە گرنگە بایەخ بە خۆبەهێزکردنی دەوڵەت بدرێت نەک لە چوارچێوەی یەکگرتوویی و چونە رێککەوتنەکانەوە. بۆ ئەمەش ئەرگیومێنتی زۆر و بەردەوام زیندوییان هەیە. ریالیزمی نوێ ئامۆژگاری دەوڵەتەکان دەکات کە لەناو ئەو جیهانە شڵەژاو و ئەنارکییەدا تەنها بیر لەئاسایشی نەتەوەیی خۆیان بکەنەوە و پێیان وایە کە دەوڵەت هەمیشە هەڕەشەی لایەنەکانی تری لەسەرە، نموونەی هەڕەشەی ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١ بۆ سەر ئاسایشی نیشتمانی ئەمریکا دەهێننەوە و پێیان وایە نابێت دەوڵەت بێ ئاگا بێت لە هەڕەشەی ئەکتەرەکانی تر هەرچەندی قەبارەشیان بچووک بێت (Williams, 2008: 20-21).

بەپێچەوانەوە، لیبڕالەکان زیاتر لە ریالستەکان بایەخ بە دامەزاوەیبوون دەدەن و بەلای لیبڕاڵەکانەوە، خودی دەوڵەت بریتییە لە دامەزراوەیەکی فەرمیی کە لە دەرئەنجامی گرێبەستێکی کۆمەڵایەتی هاتۆتەکایەوە بۆ پاراستنی ئاسایشی تاکەکان. ئەمانە پێیان وایە تاوەکو دیمۆکراسی و مافەکانی تاکەکان دەستەبەر نەبێت، ئاشتی و ئاسایش بەدینایەت (Owen, 2017). ئەوەی ئێمە لە جیاوازی ئەم دوو تیۆرە بەدی دەکەین ئەوەیە کە ریالیستەکان دژی دامەزراوەییبوون نین، بەڵکو دەیانەوێت دامەزراوە (بەتایبەت دامەزراوەی سیاسی و سەربازی و ئابووری) لەخزمەتی بەهێزبوونی ئاسایشی نەتەوەیی و دەوڵەت بن لەدژی هێزەکانی تر، بەڵام لیبراڵەکان دامەزراوەییبوونیان کردۆتە مەرجی بەدیمۆکراسیبوون و پێشکەوتن و سەقامگیری سیاسی و کۆمەڵایەتی لەکۆمەڵگە و گرنگی بەئاسایشی کۆمەڵگە و تاک یان ئاسایشی نیشتمانی دەدەن نەک تەنها نەتەوەیی.

لیبرالیزمی نوێ پەیوەندییەکی پتەو لەنیوان بەدامەزراوەییبوون و ئاسایشی نەتەوەیی دەدۆزنەوە بۆ دەستبەری ئاشتی و ئاسایش. ریچارد ئیبلینگ پێی وایە کە بەدامەزراوەییبوون و ئاشتی و ئاسایش کاتێک دێتەدی کە ئازادی تاکەکەسی و بازاڕی ئازاد و کۆمەڵگەی مەدەنی بێتەکایەوە (Williams, 2008:29). هەر لەناو خودی لیبرالیزم ئاراستەیەکی فکری هەیە بەناوی لیبڕالیزی نوێی دەزگایی یان دامەزراوەگەرا نیو-لیبڕاڵەکان (neoliberal institutionalism) کە جەخت لەسەر بەدامەزراوەیکردن دەکەنەوە و پێیان وایە کە وابەستەیی بەهێز لەنێوان دامەزراوەییبوون و دابینکردنی ئاسایش هەیە چونکە خودی دورستکردنی دامەزراوە بۆ بەرژەوەندی هاوبەش و ئاسایشی هاوبەشە. گرنگی دەدەن بە بەدامەزراوەکردنی پرسی ئاسایش لەناوخۆ و لەدەرەوە. بۆ بەدامەزراوەکردن و دابینکردنی ئاسایش هەردوو تیۆر رای جیاوازیان هەیە، لیبراڵیستە نوێیەکان گرنگی بە بەدامەزراوەکردنی ئاسایش لەبواری نێودەوڵەتی و دروستکردنی هاوپەیمانییەتییەکان دەدەن و پێیان وایە کە دەبێ جەخت لەسەر دامەزراوەی ئابووری، کۆمەڵگەیی و ژینگەی بێت لەجیاتی دامەزراوە سەربازییەکان، بۆیە توێژەرانی ئەم تیۆرە، لەیک و کیۆهان و والێندەر دەڵێن هاوپەیمانی ناتۆ بەردەوام بوو لەدوای جەنگی ساردیش چونکە هاوپەیمانییەکی سادە نەبوو؛ بەڵکو بوو بە دامەزراوەیەکی

ئاسایشی بەهێز (Williams, 2008: 40–41). بەڵام لەبەرامبەردا ریالیستە نوێیەکان بایەخ بەبەهێزکردنی دامەزراوەی ناوخۆی دەدەن بەتایبەت دامەزراوە سەربازی و ئابوورییەکان.

کۆنستراکتڤیستەکانیش بۆ ئاسایشی نەتەوەیی جەخت لەسەر دامەزراوەیبوون دەکەنەوە و ئاسایشی نەتەوەیی پەیوەست دەکەن بە ناسنامە، نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان و کولتوور. پێیان وایە ناسنامەی نەتەوەکان وەکو گۆڕاوێکی سەرەکی ئاسایشی نەتەوەیی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت. ئەمانە بە"کولتووری ئاسایشی نەتەوەیی" ناوی دەبەن و دەڵێن ئاسایشی نەتەوەیی بریتییە لە سیاسەتی بەدامەزراوەییبوونی کولتوریی و بونیادنانی ناسنامەی دەوڵەت و نەتەوەکە. بەپێچەوانەی ریالیستەکان، کۆنستراکتڤیستەکان دەڵێن ئەو ژینگەی ئاسایشی نەتەوەیی تێدا دەچەسپێ بەهۆی کولتوور و دامەزراوەکانە نەک جیۆپۆلەتیک و رەهەندە ماددیەکان کە جێگەی بایەخی ریالیستەکانە (Chul, 2009: 79–80).

لەگفتوگۆ و دیبەیتەکانی تیۆرستەکانی بواری تیۆرە جیاوازەکان کە باس لە ئاسایشی نەتەوەیی دەکەن، دەردەکەوێت کە بەدامەزراوەیبوون بایەخێکی گرنگی بواری ئاسایشی نەتەوەییە بۆ پاراستنی بنەما و رەهەندەکانی ئاسایشی نەتەوەکە، چونکە پێیان وایە بەرژەوەندییە باڵاکانی نەتەوەکە دەوەستێتە سەر ئاستی بونیادی دامەزراوەکان و رۆڵیان لەبەرەوپێشبردن و دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان.

**٢-٣- پەیوەندی نێوان دامەزراوەیبوون و ئاسایشی نەتەوەیی**

**٢-٣-١- هێنانەکایەوەی سەقامگیری سیاسی**

خودی بونیادنانی دەوڵەت و سیستمە سیاسییەکان لەلایەن نەتەوەکانەوە بۆ ئامانجی رێکخستن و جڵەوکردنی هاوڵاتیان و گروپەکانی کۆمەڵگەیە. تەنها مەرجی پەیمانی کۆمەڵایەتی هەر لەسەرەتاوە بۆ دەربازکردنی کۆمەڵگ بوو لە ژینگەیەکی جەنگەڵی و پڕ لەهەڕەشەو مەترسی بۆ هێنانەکایەوەی سەقامگیری سیاسی و کۆمەڵایەتی. بەدیهێنانی ئەم ئامانجە گەورەیەش بەبێ دامەزراوەیبوون ناکرێت.

هەموو ئەو فاکتەرانەی دەبنە هۆی سەقامگیری سیاسی و گەشەی نەتەوەیی وەکو رێکخستنی پرۆسەی هەڵبژاردن و دەستاودەستی دەسەڵات و سەروەری یاسا و کارەکانی حکومەت و دەسەڵاتەکانی یاسادانان و یەکگرتوویی گروپە نەتەوەییەکان ...هتد، (Singh1and Singha2, 2022: 343–345) هەموویان لەرێگەی بەدامەزراوەیبوونی دەزگاکانەوە رەوایەتی وەردەگرن و ئەو پرۆسەیە ئەنجام دەدەن. ئەگەر بەم رێکارانە بەڕێوەچوون، سەقامگیری سیاسی دەهێننەکایەوە و ئاسایشی نەتەوەیی دەپارێزن.

ساموێل هانتیگتون سیستمی سیاسی دەبەستێتەوە بە سەقامگیری سیاسی و پێی وایە هەرکاتێک بەدامەزراوەبوونی سیاسی و بەشداری سیاسی هەبوو، سەقامگیری سیاسی دەستەبەردەبێت. ئەم تیۆرستەی بواری دامەزراوەیی پێی وایە کە بەبێ بوونی بەدامەزراوەیبوون، ناکرێت باس لە سەقامگیری سیاسی بکرێت. لەگەڵ بەرزبوونەوەی بەشداری سیاسی هاوڵاتیان لەسیاسەتدا، تایبەتمەندییەکانی بەرزدەبێتەوە و ئەمەش سەقامگیری مسۆگەر دەکات (Huntington, 1968: 79–80). بۆیە ئاسایشی نەتەوەیی لەسەر سەقامگیری سیاسی بونیاد دەنرێت و ئەمە ئامانجی باڵایی نەتەوەییە.

**٢-٣-٢- بەدامەزراوەیکردنی بەها نەتەوەییەکان**

بەها نەتەوەییەکان بریتیین لە کۆمەڵێک بەهای ماددی و مەعنەوی کۆمەڵە خەڵکێک کە خاوەنی تایبەتمەندی مێژوویی، کولتووریی، کۆمەڵایەتی–ئابووری، جوگرافی و دیمۆگرافیین و وەکو بنەمای ئەخلاقی و روحیی و ناسنامە و بیروباوەڕی نەتەوەیی

سەیر دەکرێت کە دواتر کاریگەری و لێکەوتەی لەسەر خولقاندنی رووداوە سیاسییەکان دەبێت (Isakov, 2022: 74). ناوەڕۆکی ئاسایشی نیشتمانی سەرچاوە دەگرێت لە بەها نەتەوەییەکانەوە. کۆمەڵێک بەهای باڵای نەتەوەیی هەن کە دەبێت بەدامەزراوەی بکرێن، وەکو مانەوەی نەتەوە یان دەوڵەتەکە وەک ئەکتەرێکی سەربەخۆ کە نەتەوەکە ئامادەیە بەهاکانی تر بکاتە قوربانی. یاخود بەهای یەکپارچەیی خاکەکەی و سەربەخۆیی سیاسی، هەروەها کولتووری سیاسی و ستایلی ژیان و گەشەی ئابووری و ...هتد (Kitler, 2021:100-101).

دەتوانین بڵێیین کە کۆمەڵێک رەفتار و هەست و بیروباوەڕی گشتی دەبنە بەها و دیاردەی کۆمەڵایەتی و دوای رێککەوتنی گشتی کۆمەڵگە لەسەریان و تێپەڕینی مێژوویەکی دورودرێژ، ئەمانە وەکو سیمبوڵ و بەهای نەتەوەیی مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت، بەڵام پێویستیان بەمەشروعیەتی یاسایی دەبێت. لەم چوارچێوەیەدا، هەوڵەکانی بەدامەزراوەکردنی بەها نەتەوەییەکان لەرێگەی کۆمەڵێک دەزگای فەرمی و نافەرمییەوە دەکرێت.

**٢-٣-٣- گەشەسەندنی نەتەوەیی** (National Development)

دوای بەدەستهێنانی سەقامگیری سیاسی و بەدامەزراوەیبوونی بەهاکانی نەتەوەیی، ئینجا گەشەسەندنی نەتەوەیی دروست دەبێت. گەشەسەندنی نەتەوەیی پرۆسەیەکی فرە رەهەندە و لەچوارچێوەی دامەزراوەیبووندا روودەدات. پرۆسەیەکی هەنگاوبەهەنگاوی گۆڕانکاری ئەرێنییە لە ژیانی ئابووری، پیشەسازی، سیاسی، کۆمەڵایەتی، کولتووری و ئیداری وڵاتێکدا. زاراوەی گەشەسەندنی نەتەوەیی فراوتر و گشتگیرترە لەگەشەی ئابووری (Economic Growth)، چونکە لەگەشەی ئابووری تەنها کەرتی ئابووری گەشە دەکات، بەڵام لەگەشەی نەتەوەیی، هەموو کەرتەکانی کۆمەڵایەتی، ئەخلاقی، ئابووری و کوالیتی ژیانی تاکەکانی نەتەوەکە دەگرێتەوە و بە پێشکەووتنی پیکەوەی ئەمانەش، پێشکەوتنی شارستانیەتی نەتەوەکە بەدی دێت. لێرەدا دامەزراوەکان دەتوانن بەبەکارهێنانی هێزی سروشتی و کوالیتی تاکەکانی نەتەوەکە، جۆرێک لەپێشکەوتن و خۆشگوزەرانی بۆ نەتەوەکە بەدەست بێنن (Igbogo, 2015:3-4).

لەبەرئەوە بەدامەزراوەیبوون پێویستییەکی سەرەتایی گەشەسەندنی نەتەوەییە و ئەمەش کاتێک بەدی دێت کە دامەزراوەی بەهێز لەوڵاتەکە هەبێت. لەسەر ئەو بنەمایە، هانتگتون، بیڵ و هاردگرەڤ هاوڕان لەسەر ئەوەی کە بەدامەزراوەییکردن مەرجێکی سەرەکی گەشەسەندنی سیاسییە و گەشەسەندنی سیاسی تەنیا لە ڕێگەی دامەزراوە بەهێزەکانەوە بەدیدێت. هانتگتون بۆ گەشەسەندنی سیاسی جەخت لەسەر چوار پێوەری دامەزراوەیبوون دەکاتەوە (وەکو لەخوارەوە باسمان کردووە)، وە هەرسێ توێژەر ئەمە دەبەستنەوە بە توانای وەڵامدانەوەی دامەزراوەکان لە پەیوەندی لەگەڵ داواکارییەکانی کە بۆ سیستمەکە دێت ( Khan, Ahmed and Shah, 2019: 68-74).

**3- پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی لەچوارچێوەی دامەزراوە فەرمییەکان**

**٣-1- سروشتی دامەزراوە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان**

**٣-1-1- بونیادی دامەزراوەکان**

6- دەبێ دامەزراوە خاوەنی کۆمەڵێک بەها و جێگیری و سەقامگیری بێت تاوەکو رەوایەتی وەربگرێت، ئەمەش کرۆکی پرۆسەی بونیادنانی دەوڵەتە. جیاوازی کۆمەڵگەی پێشکەوتوو و دواکەوتوو ئەوەیە کە دامەزراوەی جێگیر فەرمانڕەوایەتی کۆمەڵگەی یەکەم دەکات، بەڵام تاکەکان لەکۆمەڵگەی دووەم فەرمانڕەوایەتی دەکەن (مەنوفی، ٢٠٠٧: ١٥). بۆیە بونیادی

دامەزراوەکان، یەکەمین هەنگاوی بونیادنانی دەوڵەت و کۆمەڵگەی مەدەنییە کە توێژەرەکان بەدرێژایی مێژوو کاریان لەسەر کردووە. فرانسس فۆکۆیاما لەناو تێکستەکانی پەرتوکی بونیادنانی دەوڵەت دەیەوێت بڵێت کە بونیادنانی دەوڵەتی بەهێز بەهۆی دامەزراوەی بەهێز دەبێت کە ئاسایشی نەتەوەیی و نیشتمانی دروست دەکات و ئەمەش رۆڵی هەیە لەپاراستنی ئاسایشی جیهان یان بەلایەنی کەمەوە خۆبەدوورگرتنی سیستمەکە لە کاری توندوتیژی و تیرۆر و دروستکردنی هەرەشە لەسەر دەوڵەتانی تر (بڕوانە فۆکۆیاما، ٢٠٠٩).

7- بۆ بونیادو پێوەرەکانی دامەزراوەیبوون، ساموێل هانتگتون پێی وایە کە هەموو دامەزراوەیەکی فەرمی سیاسی دەبێت چوار تایبەتمەندی هەبێت: سازان و خۆگونجاندن، ئاڵۆزیی، سەربەخۆیی و یەکانگیری یان یەکگرتوویی ( adaptability, complexity, autonomy, and coherence)، واتە دەبێت دامەزراوەکە بەگوێرەی گۆڕانی کات و بارودۆخ بتوانێت خۆی بگونجێنێت هەتا بمێنێتەوە، دواتر هیچ دامەزراوەیەک لەبەشێک یان لقێکی رووت (مجرد) پێک نایە بەڵکو دەبێت دابەشی تۆڕێکی ئاڵۆزی یەکەکان بێت و بەشێوەیەکی سیستماتیکی پێکەوە بەسترابنەوە. ئینجا نابێت دامەزراوە سەربەخۆیی خۆی لەدەست بدات لەژێر هیچ فشار و پاڵنەرێک. کۆتا تایبەتمەندی دامەزراوەکان یەکانگیرییە، بەواتای هیچ دامەزراوەیەک بەبێ ئەوانی تر مانا تەواو ناکات لەناو سیستمەکە، جگە لەوەی یەکانگیری و تەواوکاری نێوان یەکەکان هەیە، دەبێت لەگەڵ دامەزراوەکان و تۆڕەکانی تری دەرەوەش یەکگرتوویی هەبێت (Huntington, 1968: 12-15). ئایا ئەم تایبەتمەندییانە لەناو دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان هەن؟ ئاڵنگارییە سەرەکییەکانی بەدامەزراوەیبوون لەهەرێمی کوردستان چین؟

بەگوێرەی ئەو توێژینەوە زانستیانەی لەهەرێمی کوردستان لەسەر پێوەرەکانی بەدامەزراوەیبوون نوسراون، دەرکەوتووە کە لەگەڵ ئەوەی بنەمای جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و دامەزراوەکان لەهەرێمی کوردستان هەیە، بەڵام بەگوێرەی پێوەرەکانی هانتگتون ئاستی دامەزراوە یاساییەکانی دەسەڵاتی سیاسی لەهەرێمی کوردستان لاوازن و ئاڵنگارییەکانی پرۆسەی بەدامەزراوەیبوونی دەسەڵاتی سیاسی و دامەزراوەکان فەرمییەکان لەهەرێمی کوردستان بەردەوامە و چارەسەر نەکراوە. بۆ نموونە بەگوێرەی توێژینەوەی مەیدانی، پەرلەمانی کوردستان بنەمای ئاڵۆزی و سەربەخۆی و یەکگرتووی تێدا بەرجەستە نەبووە (صادق، ٢٠٢١: ١٦٦-١٦٧) هەروەها حکومەتی هەرێمی کوردستان بە پێوەرەکانی هانتگتون بە دامەزراوەیی نەبووە، دوو ئیدارەیی و دوو پێشمەرگەیی و دوو دەزگای هەواڵگریی و..هتد، لەهەرێمەکە لەدیارترین ئەرگیومێنتەکانی ئەم بۆچوونانەن، ئەمە جگە لەئاستەنگی واستە و رۆتین وەکو سەرۆکی حکومەت لە دیداری مێری دانی بەوەدانا کە خەڵک لەناو رۆتین خنکاوە و مامەڵەیەکی ئاسایی پێویستی بە زیاتر لە ٢٠ واژووە! بەهەمان شێوە، ئەستەنگ لەبەردەم بەدامەزراوەیبوونی دەسەڵاتی دادوەریش هەیە بەهۆی نەبوونی دەستوور و نەبوونی هێزی پۆلیسی دەسەڵاتی دادوەریی و دەستوەردانی حزبیی و ...هتد (عبدالكريم ، ٢٠٢٣: ل٢٢١-٢٦٢). بەگشتی لەدەستووری عێراق (٢٠٠٥) ماددەکانی (١١٧-١٢٠-١٢١و ...هتد) بەفەرمی داننراوە بە کیان و دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان و لەماددەی (١١٧) دەستوورەکە راستەوخۆ هەموو ئەو دامەزراوانەی پێش ساڵی ٢٠٠٣، واتە دامەزراوەکانی فەرمی هەرێمی کوردستان کە لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە بەیاسا پەسەندکراوە، دەستوورەکە دانییێداناون، بەڵام پەیکەر، پێکهاتە و بونیاد دامەزراوە فەرمییەکان کێشەی بۆ خەڵک و شێوازی حکومڕانێتی دروست کردووە و ئەمەش لێکەوتەی زۆری لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی هەبووە.

**٣-١-٢- ئەدای دامەزراوەکان**

8- سەبارەت بەهۆکارەکانی خراپی ئەدای دامەزراوەکان بیروڕای جیاواز هەن، بەڵام زۆربەیان داکۆکی لەسەر بونیاد و ئەدای خودی دامەزراوەکان دەکەنەوە نەک پاساوی جوگرافیا، کولتوور یان فاکتەری تر. بەبڕوای ئاسمۆگلو و رۆبنسن، فاکتەری جوگرافی هۆکاری دواکەوتوویی و گەشەسەنددن نیە، بەپێچەوانەی تیۆرەکەی مۆنتسیکۆ کە دەڵێ خەڵکی ناوچە گەرمەکان تەمبەڵن و نەخۆشی لێیە و بەرهەمیان نیە بۆیە هەژارن، ئەمانە نموونەی نۆگاڵس دەخەنەڕوو کە بەشێکی لەناو ئەمریکایەو لەوپەڕی پێشکەوتنە، بەڵام بەشەکەی تری لەناو مەکسیکە و دواکەوتووە کە هەردووک لەناو یەک خاک و کەش و هەوان بەڵام دامەزراوەکانیان جیاوازە (ئاسمۆگلو و رۆبنسۆن، ٢٠١٤: ٧٦).

9- بەهەمان شێوە کولتووریش بەربەرستی خراپی ئەدا و دواکەوتوویی نیە. بەبڕوای (فرانسس فۆکۆیاما) یابان بەهۆی کولتوورەوە پێش نەکەتووە، بەڵکو ئەوە هێزی دامەزراوە فەرمییەکانن کە دەکرێ لەلایەن هەر وڵاتیکی تر بەرجەستە بێت (فۆکۆیاما: ٢٠٠٩: ٨٠-٨١)، یاخود لەپێش جەنگی دووەمی جیهانی، هەردوو کۆریا یەک کولتوور بوون، ئێستا یەکیان لەوپەڕی پێشکەوتن و ئەوەی تر لەوپەڕی دواکەوتوویە کە ئەمەش دوو کولتووری دروست کردووە، کەواتە هەر خودی کاری دەزگایە کە کولتووریش بەرهەم دێنێت. بەبڕوای ئەم توێژەرانەی سەرەوە، بەپێچەوانەی گریمانەکانی جوگرافیا و کەلتوور، پێرۆ توشی هەژاری نەبوو لەبەر جوگرافیا یان کولتوورەکەی، چونکە بەپێی ئەم تیۆرە، لەبەر هۆکاری دەزگایی بەو ئەندازەیە لەئەوروپای رۆژئاوا و ویلایەتە یەکگرتووەکان هەژارترە، پێویستە پرۆسەی مێژوویی پەرەسەندنی دەزگایی لەپێرۆدا تێبگەیین کە پێنج سەد ساڵ لەمەوبەر ئیمراتۆریەتی ئینکا کە پێرۆی ئەمڕۆ دەگرێتەوە، دەوڵەمەنتر و لەرووی تەکنۆلۆژیاوە پێشکەوتوو تر و خاوەن ناوەندێتی سیاسی زیاتر بوو لەو قەوارە بچووکانەی لە باکووری ئەمریکادا هەبوون (ئاسمۆگلو و رۆبنسۆن، ٢٠١٤: ٥٥٤-٥٥٥).

10- ئەگەرچی ئێمە پاساوەکانی کاریگەری فاکتەری جوگرافی یان کولتووریی لە سەر خراپی ئەدای دامەزراوەکان و دواکەوتووی و ئاسایشی نەتەوەیی بەتەواوی رەتناکەینەوە، بەڵام خراپی ئەدای ئەم دامەزراوانەی هەرێمی کوردستان پەیوەندی بە فاکتەری جوگرافی و کولتووریی نیە، بەڵکو خودی بونیادەکەیە. بەهۆی هەڵە بونیادنانی دامەزراوە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان، کێشە بۆ ئەدای دامەزراوەکانیش دروست بووە. بۆ نموونە بۆ تەنها یەک خزمەتگوزاری، چەندین دەزگا دەستوەردان دەکەن و ئەمانە هەماهەنگیان لەنێواندا نیە و ناتوانن بەباشی خزمەتگوزاریەکە بگەیەننە هاوڵاتیان ئەمەش وایکردووە کە خەڵک لەئاست و ئەدای دامەزراوەکان رازی نەبێت (صادق، ٢٠٢١: ١٧٣-١٧٤). هەروەها کێشەیەکی تری هەرێم ئەوەیە کە دەزگا ئابوورییە سەربەخۆکان یان سەرمایەدارەکان ناتوانن بەئارەزووی خۆیان کار بکەن و وەبەرهێنان بکەن. لەهەرێم پرۆژەی ئابووری سەربەخۆ بەکەمی دەبینرێت! ئەمە وایکردوو کە رێژەیەک بەرزی کۆمپانیاکانی هەرێم روو لە وڵاتانی دەرەوە یان تەنانەت خودی ناوەڕاست و باشووری عێراق بکەن هەرچەندە کە سیستمەکەشی لەگەڵ هەرێم جیاوازی ئەوتۆی نیە، بەڵام پێیان وایە فاکتەری باج و سەرانە و دەستوەردانی کەمترە. ئەمەش لەماوەی ئەو دەساڵەی رابردوو گورزی لەئابووری و گەشەسەندنی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان داوە.

11- دوو هۆکاری سەرەکی بە ئاسانی ئاسایشی هەر نەتەوەیەک تێکدەدەن. ئەوانیش نادادپەروەری و گەندەڵین، ئەمانە لەرێگەی دەزگاکانی یاسادانان، جێبەجێکردن و دادوەری دەبنە مەترسی لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی (Igbogo, 2015:5-7). هەردووکیان دوو بەربەستی سەرەکی دامەزراوەیبوون و ئەدای دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستانن و رۆڵی کاریگەریان لەسەر

نەهێشتنی ڕەوایەتی سیاسی و ڕێگەخۆشکردن بۆ دەستوەردانی دەرەکی و دواتر هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان هەیە.

**٣-2- ئاڵنگارییەکانی بەردەم بەدامەزراوەییبوون**

**٣-٢-١- مۆنۆپۆڵی پارتە سیاسییەکان**

12- وەکو نەریتێکی سیاسی لێهاتووە لە سیستمە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتیی، ئەوانەی شۆڕش دەکەن دژی داگیرکاری، دواتر بەپاساوی ئەو میراتە شۆڕشگێرییە ڕەوایەتی بە مۆنۆپۆڵکردنی دامەزراوەکان دەدەن. لەدوای کشانەوەی دامەزراوەکانی حکومەتی عێراقیی لە ساڵی ١٩٩١، پارتە سیاسییەکانی هەرێم ئەم بۆشاییە سیاسی و کارگێرییەیان پڕکردەوە. بەمەش تێکەڵاوییەکی ئاڵۆزی نوخبەی سیاسی و ئەدای دامەزراوەیی دروست بوو، کە تێیدا کاریگەری ئەم نوخبانە لەسەر دامەزراوەکان بەشێوەیەکی بەرچاو پرۆسەی بەدامەزراوەییکردنی لە قاڵبدا. بەم پێیە سەرکەوتنی بەدامەزراوەییکردن بەسترایەوە بە ئارەزووی نوخبەی سیاسی، وەکو فۆکۆیاما دەڵێت کەنوخبەی سیاسیش دەبێت خۆیان پابەندبن و باوەڕیان بەم پرۆسەیە هەبێت ئینجا دامەزراوەییبوون سەرکەوتوو دەبێت (Khalil, 2024: 186). هەوڵی زۆردرا کە ئەم مۆنۆپۆڵییەی پارتی سیاسی بەسەر دامەزراوەکان نەهێڵدرێ لەناو خودی پارتە دەسەڵاتدارەکان و ئۆپۆزسیۆن و وڵاتانی دەرەوە. هەرچەندە سەرکردەکانی کاریزماتیک توانیان لە قۆناغە سەرەتاییەکانی دروستکردنی پارتی سیاسی و شۆڕش و ڕاپەڕینەکان ڕۆڵیان هەبێت، بەڵام ئەم سەرکردانە لە بەدامەزراوەییکردنی ڕاستەقینەی دەسەڵات سەرکەوتوو نەبوون. وەکو نیچە دەڵێت "ئەوانەی شەڕ لەگەڵ ئەهریمەن دەکەن، دەبێت وریا بن نەک خۆیان ببنە ئەهریمەن (Aziz and Wahab, 2023: 11).

13- هەردوو پارتی دەسەڵاتداری هەرێم، بەرپرسی یەکەمی دوو ئیدارەیین کە دامەزراوە باڵاکانی حکومەتی لاواز کردووە. ئەمانەش هەرچەندە ڕەگەکەی دەگەڕێتەوە بۆ شەستەکانی سەدەی ڕابردوو، بەڵام لە ڕکابەری سیاسی و ململانێ چەکدارییەکانی شەڕی ناوخۆ (1994-1998) دوو ئیدارەی جیاواز بەرهەم هات و هەرچەندە لە ساڵی 2006 حکومەتێکی یەکگرتوو سەریهەڵدا، بەڵام هەتا کاتی نوسینی ئەم توێژینەوەیە لەسەر ئەرزی واقیع دوو زۆنی ماوە، بۆ نموونە لە کابینەی نۆیەمدا، تیمی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢ تا مانگی ئایاری ٢٠٢٣ بەشێوەیەکی کاتی لە بەڕێوەبردنی کابینەکە پاشەکشەیان کرد (Khalil, 2024: 184) و بەمەش دامەزراوەکان حوکمی سەرتاسەریان نەکرد لەرووی کردارییەوە.

١٤- کێشەیەکی تر لێرەدا ئەوەیە کە دامەزراوەکان سروشتێکی دوانەییان هەیە: پێکهاتە و ئەرک. ئەمانە بە دوو کۆمەڵە بەها بەڕێوەدەچن، ئەو بەهایە یاساییانەی کە دامەزراوەکان ئەرکەکانیان پێ جێبەجێ دەکەن، هەروەها بەها کۆمەڵایەتی، سیاسی و کولتوورییەکان. زۆرجار بەها کۆمەڵایەتی، سیاسی و کولتوورییەکان لەگەڵ بەها یاساییەکان بەریەکدەکەون؛ لەئەنجامدا بەها یاساییەکان پشتگوێ خراوە و بەهای کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان زاڵبوون (Khalil, 2024: 188-189).

15- دەتوانین سێ فاکتەری سەرەکی بخەینە بەرچاو وەکو ڕۆڵی فاکتەری پارتی سیاسی لەئاڵنگارییەکانی بەردەم بەدامەزراوەیبوون. یەکەم، لەهەر وڵاتێکدا پارتی سیاسی پێش دامەزراوەی فەرمی دەوڵەت دابمەزرێت، ئەستەمە دواتر پارتە سیاسییەکان ڕێگە بەبەهێزبوونی دامەزراوەکانی فەرمی بدەن بەشێوەیەک بەهێزبێت کە بتوانێت سنوورێک بۆ دەسەڵاتی پارتەکان و بەرپرسەکانی دابنێت یان بتوانێت پابەندی یاساو ڕێساکانیان بکات وەکو هاوڵاتی ئاسایی وڵاتەکە. دووەم، هەرێمی کوردستان بۆ بەڕێوەبردنی دامەزراوەکانی لەبەرئەوەی خاوەن دەستوور نیە، لەرێگەی کۆمەڵێک یاسای بنەڕەتییەوە دامەزراوەکان بەڕێوەدەبات.

نەبوونی دەستوورێک دوای زیاتر لە سی ساڵی حوکمڕانێتی، پارتە سیاسییەکان و سەرکردەکانی دەستواڵا کردووە کە هەرچۆنی بیانەوێت گۆڕانکاری بەسەر دامەزراوەکان و شێوازی کارکردنیان بێنن. سێیەم، پارتەکان ئەکتەر و کادری لاواز دەنێرنە پۆستە حکومییەکان و ئەم کادیرانەش ناتوانن ڕوروبەڕووی پێشێلکاری و نادادییەکانی بەرپرسەکانیان لەناو پارتەکان بوەستنەوە، ئەمەش دامەزراوەکە لەرزۆک دەکات.

**٣-٢-٢- سەربەخۆنەبوونی دەزگاکان**

16- یەکێک لە کێشە سەرەکییەکانی گەشەنەسەندنی هەرێمی کوردستان بەهۆی سەربەخۆ نەبوونی دەزگاکانیەوەیە، بەتایبەت دەزگا ئابوورییەکان کە بڕبڕەی پشتی سیستمی سیاسی هەر وڵاتێکن. هەرچەندە هەرێمی کوردستان دەوڵەمەندە بە سامانی سروشتی و مرۆیی زۆرەوە، بەڵام بەهۆی خراپی ئەداو سەربەخۆنەبوونی دامەزراوەکانەوە، ئەم کەرەستانە نەبوونەتە هەوێنی بەهێزبوونی ئاسایشی نەتەوەیی.

17- لەکتێبی (نەتەوان چۆن شکست دێنن) توێژەرەکان دەڵێن نەتەوان ئەمڕۆ شکست دێنن چونکە دەزگا ئابورییە چەوسێنەرەکانیان ئەو هاندانە بۆ خەڵک دروست ناکەن کە بۆ پاشەکەوتکردن و وەبەرهێنان و نوێکاری پێویستە. دەزگای سیاسی چەوسێنەر پشتگیری ئەم دەزگا ئابوورییە چەوسێنەرانە دەکەن لە ڕێگای پتەوکردنی دەسەڵاتی ئەوانەی سوود لەم چەوساندنەوەیە وەردەگرن. ئەمانە وڵاتان بەهەژاری دەهێڵنەوە. ئەم توێژەرانە نموونەی جیاواز لەشوێنی جیاواز دەهێننەوە وەکو بەڵگە، بۆ نموونە لە ئەفریقیا وڵاتانی زیمبابۆی و سیارالیۆن، لەئەمریکای باشوور وڵاتانی کۆلۆمبیا و ئەرجەنتین، لە ئاسیا کۆریای باکوور و ئۆزباکستان و لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە مصر (ئاسمۆگلو و ڕۆبنسۆن، ٢٠١٤: ٤٨٣-٥١٥). توێژەرەکان بەو ئەنجامە گەیشتوون کە "لەبەرئەوەی دەزگاکان لەژیانی ڕۆژانەدا کار لەسەر ڕەفتار و هاندانەکان دەکەن، سەرکەوتن یان شکستهێنانی نەتەوەکان دیاری دەکەن. بەهرەی تاکەکان لەهەموو ئاستێکی کۆمەڵگەدا گرنگە، بەڵام ئەم بەهرانە پێویستیان بە چوارچێوەیەکی دەزگایی هەیە تابیانکاتە هێزێکی پۆزەتیڤ". بۆ نموونە دەزگا پەروەردەییەکان وایانکرد بیل گیتس و ئەوانی تر بەم بەهرانە بگەن و دواتریش دەزگا ئابوووریيەکان بونە هۆکاری پشتگیری ئەو پێشکەوتنە. لە ئەمریکا بیل گیتس بە هۆی پشتگیری دامەزراوەکانەوە دەوڵەمەند بوو و بەهۆیەوە توانی بەهرەکانی بەرەو پێشەوە ببات هەر لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو هەتا ئێستاش ماوەتەوە و تا ئێستاش لەگەورەترین دەوڵەمەندەکانی جیهانە، بەڵام لە مەکسیک، کالوس سلیم کە سەرمایەدارێکی گەورەبوو، سەرمایەکەی لە ڕێگەی نوێکارییەوە بەدەست نەخست، بەڵکو بە بەکارهێنانی گەندەڵی و سود وەرگرتن لە دەزگاکانی دەوڵەت ئەو کارەی کرد، سلیم ویستی هەمان سەرکێشی لە ئەمریکا بکات، سەرکەوتوونەبوو. ئەگەر دامەزراوە نەبێت، چی وایکردووە کە تاکێکی دەرامەت مامناوەندی ئەمریکی حەوت هێندەی تاکێکی مەکسیکی و دە هێندەی تاکێکی پێرۆ و چل هێندەی تاکێکی ئەفریقی لە مالی و ئەسیوپیا وەردەگرێت (ئاسمۆگلو و ڕۆبنسۆن، ٢٠١٤: ٦١-٦٧). تیۆرەکەی ئەم دوو توێژەرانە کار لەسەر ئەوە دەکات کە چۆن دەزگا سیاسی و ئابوورییەکان کار لەسەر یەکتر دەکەن بۆ هێنانە ئارای هەژاری یان خۆشگوزەرانی لە وڵاتدا. لەهەرێمی کوردستان خاوەن کار و پیشەکان ناتوانن ئازادانە کاری خۆیان بکەن و دەبێ چەندین فلتەر هەیە ببڕن هەتا بتوانن کارەکەیان بکەن.

18- ئەمە بەهەمان شێوە بۆ بابەتی سەربازی و هێزەکانی ئاسایشی نەتەوەیی کێشەی دروست کردووە. چونکە بوونی دوو دەزگای هەواڵگری (پاراستن و زانیاری)، دوو دژە تیرۆر، دوو هێزی فراوانی چەکداری دەرەوەی وەزارەتی پێشمەرگە (٧٠ و ٨٠) و

هەموو دابەشکارییەکانی تری ناو دەزگا سەربازی و پۆلیسی و ئاسایشییەکان، وایانکردووە کە دەزگاکانی سیاسی و سەربازی وڵات بەهۆی کاریگەری دابەشکاری دوو ئیدارەییەوە نەتوانن بەچەشنی دامەزراوەی سیاسی یەکگرتوو و سەربەخۆ پارێزگاری لەئاسایشی نەتەوەی بکەن. پایڵ ئدۆن (Pail Iddon) پێی وایە کە هەرچەند سوپای نەتەوەیی مەرجی پێشوەختە نیە بۆ دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی، وەکو لەئیسرائیل پێش بوونی دەوڵەت هەبوو (بەڵام دواتر یەکیانگرتەوە)، بەڵام بۆ هەرێم مەترسی ئەمە هەیە کە دوای سەربەخۆبوونیش ئەمانە هەروا نەکەونە ژێر رکێفی یەک دامەزراوەی سەربەخۆ. لەبەر ئەوەیە کە هێزە سەربازی و ئەمنییەکان هێندە بە قووڵی و نزیک بە یەکسانی لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیدا دابەش بوون کە ئێستا نزیکەی دوو دامەزراوە دیفاکتۆ لەناو هەرێمی کوردستاندا هەن (Hama, 2017).

19- کێشەیەکی تری سەربەخۆنەبوونی دەزگاکانی هەرێمی کوردستان بەهۆی قۆرغکردنی بانکەکان و خراپی سیاسەتی بانکیەوەیە. یەکێک لەجیاوازییە گەورەکانی پێشکەوتنی ئەمریکا و گەشەنەسەندنی نێوان مەکسیک ئەوە بووە کە ئەمریکا لەسەرەتای سەدەی رابردووە و نزیکەی ٢٧ هەزار بانکی هەبوو و سەربەخۆ بوو، کەچی مەکسیک لەوکاتەدا (١٩١٠) تەنها ٤٢ بانکی هەبووە و ٦٠% کارەکانی ئەم بانکانەش لەلایەن دوو بانکەوە کۆنترۆڵ کرابوون. لەئەمریکا کێبرکێی بەهێز لەنێوان بانکەکان هەبوو و بەپێچەوانەی مەکسیک کە دەزگا سیاسییەکان کۆنترۆڵیان کردبوو، ئەمەش رۆڵی سەرەکی هەبوو لەسەر پەرەپێدانی خێرای ئابووری ئەمریکا، هەروەها دەرفەتی یەکسانی رەخساند و لەلایەکی ترەوە توانا و بەهرەی نوێ هاتنەکایەوە و سودیان لەم دەرفەتە وەرگرت (ئاسمۆگلو و رۆبنسۆن، ٢٠١٤: ٥٥-٥٨). نەبوونی دامەزراوەی سەربەخۆ و بەهێز وایکردووە کە بانکەکانی هەرێم نەتوانن بەئازادانە و لەچوارچێوەی یاسا و رێسا کارەکانیان بکەن.

**٣-٢-٣- دەستوەردانی دەرەکی**

هەرلەسەرەتای دروستبوونی کیانی هەرێمی کوردستانەوە، ئێران و عێراق و تورکیا و سوریا دژی دامەزراوەکان بوون بەپاساوی دروستبوونی هەڕەشە لەسەر ئاسایشی نەتەوەییان. بۆیە بەردەوام لەماوەی رابردوو ئەم وڵاتانە دەستوەردانیان کردووە بەهێزی دیبلۆماسی و هاندانی پارتە سیاسییەکان دژ بەیەکتری بۆ لاوازکردنی دامەزراوە فەرمییەکان و تەنانەت چەندین جار بە هێزی سەربازییش هاتونەتە ناوەوە. ئەمانەش رۆڵیان هەبووە لەلاوازکردنی دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان و ئاسایشی نەتەوەیی. بۆ نموونە دەستوەردانی ئێران لە دانیشتنەکانی پەرلەمانی کوردستان و هاندانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕان و پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان بۆ پێداگری لەسەر هەمواری یاسای ژمارە (١)ی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان لەساڵی ٢٠١٥ بۆ کەمکردنەوەی دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم (Mustafa, 2016: 6)، کە بۆ ماوەی دوو ساڵ پەرلەمانی کوردستان داخرا. لەبەرئەوەی لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکان بەنزیک لەئێران دادەنران، دەیانەویست بەهۆی لاوازکردنی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێمەوە، پەرلەمانی کوردستان کە لەلایەن بزوتنەوەی گۆڕانەوە سەرۆکایەتی دەکرا، جڵەوی دەسەڵاتی دامەزراوەکانی هەرێم بگرێتە دەست و بەمەش هاوسەنگی تێکدەچوو و لێکەوتەی خراپی لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی دەبوو. لەلایەکی ترەوە، تورکیا چەندین ساڵە بەپاساوی بوونی پەکەکە لەهەرێمی کوردستان دەستوەردان دەکات و بەهێزی سەربازی هاتوتە ناو خاکی هەرێم و بەسەدان گوندی داگیرکردووە و تادێت رووبەرەکەی فراوانتر دەکات لە دوای ئۆپەراسیۆنی ٢٠٢٠ەوە (Ozcelik, 2024)، بەمەش کێشەی بۆ چەندین دامەزراوەی حکومی لەو ناوچانە دروست کردووە. بەگشتی دەستوەردانی دەرەکی رۆڵی هەبووە لە لاوازکردنی دامەزراوەکان و سەربەخۆیی دامەزراوەکان.

## ٣-3- سیاسەتی دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان لەپاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی

### ٣-٣-١- پاراستنی تایبەتمەندی و ڕەهەندە نەتەوەییەکان

ئاسایشی نەتەوەیی خاوەنی چەندین ڕەهەندی سیاسی، سەربازی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری و جیۆپۆلەتیکییە (الارکوازي، ٢٠٢٠) ئەگەر دامەزراوە نەبێت، چۆن ئەم ڕەهەندە نەتەوەییانە دەپارێزرێن؟ ئەمە پێویستی بە ڕێکخستی سیستماتیکی هەیە. بوونی ئاڵای کوردستان لەسەر هەموو دامەزراوەیەکی فەرمی گوزارشتە لە تایبەتمەندی نەتەوەکە لەرووی جوگرافیا، مێژوو و خەباتەکەی، هەروەها بەکارهێنانی زمانی کوردی لەنوسراوەکان و کاروباری بەڕێوەبردن، بەکارهێنانی وێنەی سەرکردە نەتەوەییەکان و سیمبوڵ و کەلەپووری نەتەوەیی لەدامەزراوەکان یان هەڵواسینی وێنەی سەرکردە نەتەوەییەکان و یادکردنەوەی ساڵانەی لەدایکبوون، مردن، شۆڕش و دەستکەوت و رزگاری و ...هتد لەناو دامەزراوەکان. ئەمانە هەموویان رۆڵی دامەزراوەکانە لەپاراستنی ڕەهەندی نەتەوەیی. زیاتریش لەمانە، دەتوانین ئاماژە بە دەزگا پەروەردەییەکان بکەین. چالاکی دەزگا پەروەردەییەکان دەبنە دوو بەش، بەشێکیان لە مەراسیمی ساڵانەی نەتەوەیی لە قوتابخانە سەرەتاییەکان و ناوەندی و دواناوەندییەکان رەنگی داوەتەوە وەکو هەڵکردنی ئاڵای کوردستان و گوتنەوەی سرودی نیشتمانی ئەیرەقیب و گوتنەوەی دروشمەکانی تری نەتەوەیی و نیشتمانی و گۆرانی و شیعرو هۆنراوەی نەتەوەیی. بەشەکەی تر دەتوانین بگەڕێنینەوە بۆ پەرتوکی مەنهەج و نوسراوەکانی تری وەزارەتی پەروەردە. بەڵام بەڕای توێژەرێکی ئەم بوارە، کێشەکە ئەوەیە خراپی ئەدای میتۆدی وانەگوتنەوە وایکردووە کە ئەمانە رەنگدانەوەیان زۆر لاواز بێت لەسەر قوتابی و خوێندکارەکان بەشێوەیەک لەئێستادا ئینتمایان لاوازە (چاوپێکەوتن١، ٢٠٢٥). واتە دامەزراوە پەروەردەییەکان نەیانتوانیوە فەلسەفەی پەروەردە و فێرکردن بخەنە خزمەتی ئاسایشی نەتەوەیی. بەهەمان شێوە، ئەگەر بروانینە توێژینەوە و نامە و تێزەکانی دەزگاکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا (بڕوانە رێنمایی وەزارەتی خوێندنی باڵا ژ.١٢، ٢٠٢٤: ١٦-١٨) دەبینین کە وەکو مەرجێک و رێنماییەکی خوێندنی باڵا لەهەرێمی کوردستان، دەبێت لە توێژینەوەکان پێشینە بدرێتە پرسەکانی هەرێمی کوردستان. بەڵام ئەمە وەکو خۆی جێ بەجێ نەکراوە و هەندێک لە مامۆستایانی زانکۆ کە لەنەتەوەی کورد نین یان کوردن و هەستی نەتەوەییان زۆر لاوازە، تاوەکو ئێستا دژی بەکارهێنانی زمانی کوردین لە توێژینەوە، نامە و تێزەکانی زانکۆکان یان ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر پرسە نەتەوەییەکان.

دەزگا سەربازییەکان لەپاڵ دەزگا پەروەردەییەکانەوە رۆڵی گرنگیان گێڕاوە لە پاراستنی تایبەتمەندییە نەتەوەییەکانەوە. بۆ نموونە هەتاوەکو ئێستاش وەزارەتی بەرگری یان کاروباری سەربازی هەرێم بەناوی وەزارەتی پێشمەرگەیە کە کورد وەکو سیمبولێکی پیرۆزی نەتەوەیی سەیری ئەم چەمکە دەکات. لە بۆنە فەرمی و نەتەوەییەکان و پێشوازی میوانانی بیانی هەمیشە هێزەکانی پاسەوانی شەرەف دورشمی نەتەوەیی دەڵێنەوە (چاوپێکەوتن٢، ٢٠٢٥). لەلایەکی ترەوە، دەزگا سەربازییەکان پارێزگاری ئاسایشی نەتەوەیی و سەروەریەکەی لەناوەوە و لەدەرەوە دەکەن. بەهاوکاری دامەزراوەکانی تری نێودەوڵەتی، دەزگا سەربازییەکانی هەرێم توانیویانە ئاسایشی نەتەوەیی لەهەڕەشەی دەرەکی بپارێزن (چاوپێکەوتن٣، ٢٠٢٥).

سیاسەتی دامەزراوەکانی ئابووری بۆ ئاسایشی نەتەوەیی بەدوو دیو لێکەوتەی هەبووە. گەورەترین لێکەوتەی خراپی دامەزراوەکانی هەرێم ئەوەبووە کە خەڵکی گوندەکان و بەرهەمێنی کشتوکاڵی و ئاژەڵداری لەدامەزراوەکانی هەرێم دامەزراند، ئەمەش ژێرخانی کشتوکاڵی و ئاسایشی ئابووری نەتەوەیی توشی دارمان کرد و هەرێمی ناچارکرد کە بکەوێتە ژێر کاریگەری سیاسەتی کشتوکاڵی و ئابووری ئێران و تورکیا و وڵاتانی تر. جگە لەمەش، بەهۆی یاسای وەبەرهێنانەوە، زیاتر وەبەرهێنی وڵاتان لەناوخۆی هەرێم

سودمەند بوون. دیوی ئەرێنی ڕۆڵی دامەزراوە ئابوورییەکان بۆ ئاسایشی نەتەوەیی بریتییە لەو پشتگیرییەی دەستی پێکردووە بۆ بەرهەمی ناوخۆ و ڕاگرتنی بەرهەمی دەرەکی لەکاتی پێگەیشتنی بەرهەمی ناوخۆ لەلایەک و ناردنە دەرەوەی بەشێک لەبەرهەمی کشتوکاڵی ناوخۆ بۆ زیندووکردنەوەی بەرهەمی ناوخۆ و بەگەڕخستنەوەی وەبەرهێنە کشتوکاڵییەکان (چاوپێکەوتن٤، ٢٠٢٥). بۆ نموونە تەنها لەساڵی ٢٠٢٤دا، زیاتر لە ٥٠ هەزار تۆن پەتاتە و سیۆ بۆ وڵاتان نێردراوە ئەمە جگە لەبەرهەمەکانی تری ناوخۆی هەرێم بۆ دەرەوە وەکو برنج و هەنار و هەنگوین و ...هتد (حەمەدەمین، ٢٠٢٥). لەلایەکی ترەوە، دامەزراوەکان کار لەسەر پاراستنی ئاسایشی ئاو (وەکو دروستکردنی بەنداوەکان لەکابینەی نۆیەم) و ئاسایشی خۆراک دەکەن و توانیویانە سێ سایلۆی گەورەی دانەوێڵە لە هەولێر و سلێمانی و دهۆک دروست بکەن کە گەنمی جوتیاران دەرباز دەکات لەدەستی دەرەکی و هەر لەبەرهەمی ئەم گەنمە دەیان بەرهەمی خۆراکی دروست دەکەنەوە و دەیخە بازاڕەکانی ناوخۆ و دەرەوە، هەروەها ئاسایشی خۆراکی هەرێم لەهەژمونداری ئەو ئارد و بەرهەمە گەنمیانە ڕزگار دەکات کە تورکیا و ئێران بەرامبەر هەرێم بەکاری دێنن (چاوپێکەوتن٥، ٢٠٢٥).

**٣-٣-٢ - دەستوەردانی دادگای فیدراڵی عێراق بەهۆی لاوازی دامەزراوەکانی هەرێم**

دوای زیاتر لە سی ساڵی کاری دامەزراوەکان لەهەرێم، ململانێی نەرێنی پارتە سیاسییەکان لێکەوتەی زۆر خراپی لەسەر دامەزراوە فەرمییەکان دروست کرد و ئەمەش هەلێکی زێرینی دایە دامەزراوەکانی فیدراڵی کە دەستوەردان بکەن بەشێوەیەک کە دامەزراوەی یاسادانانی هەرێم هەڵبوەشێننەوە، دژی ئەو بڕیارانەش بوەستنەوە کە دامەزراوەی یاسادانان دەریدەکات و بڕیاریش لە هەڵوەشاندنەوەی حکومەتە لۆکاڵییەکان (ئەنجوومەنی پارێزگاکان) بدەن و تەنانەت سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکانی هەرێمیش بکەن! بەمانایەکی تر، بڕیارەکانی دادگای باڵای فیدراڵی لەدوای ساڵی ٢٠١٧ەوە لەچەندین وێستگە بونە هەڕەشە و مەترسی لەسەر ڕۆڵی دامەزراوەکان و ئاسایشی نەتەوەیی:

یەکەم: دوای بڕیاری دامەزراوەی یاسادانانی هەرێمی کوردستان (پەرلەمان) لەڕێککەوتی (١٥-٩-٢٠١٧) بۆ ئەنجامدانی گشتپرسی بۆ سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان (پرۆتۆکۆڵەکانی ساڵی ٢٠١٧ی پەرلەمانی کوردستان، ٢٠٢٠)، بەڵام دادگای باڵای فیدراڵی عێراق بەبڕیاری ژمارە (٩١و٩٤و٩٦/اتحادية/٢٠١٧) لەڕێککەوتی (١٨-٩-٢٠١٧) دژی ئەم بڕیارە وەستایەوە و لە فەرمانێکی سالاری (وەلائی)دا بڕیاریدا بە ڕاگرتنی ڕێکارەکانی ئەنجامدانی ریفراندۆم (المحكمة الاتحادية العليا، ٢٠١٧). ئەمەش لێدان بوو لە ڕۆڵی بەرزترین دامەزراوەی فەرمی هەرێم بۆ پاراستنی شوناس و ناسنامەی نەتەوەیی کە لەبەردەم مەترسی بوو، هەربۆیە زیاتر لە (٩٢%) ی خەڵکی هەرێم دەنگیان بۆ جیابوونەوە لەعێراقدا (European Parliament, 2017: 5) واتە خەڵک بۆ پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی، داوایان کرد کە دامەزراوەکانی هەرێم سەربەخۆیی تەواویان هەبێت.

دووەم: دادگای باڵای فیدراڵی عێراق بەبڕیاری ژمارە (٥٩/اتحادية/٢٠١٢ و موحدتها ١١٠/اتحادية/٢٠١٩)، لەڕێککەوتی (١٥-٢-٢٠٢٢) بڕیاری بەنایاسایی دانانی یاسای نەوت و غازی ساڵی ٢٠٠٧ی هەرێمی کوردستانی دەرکرد (المحكمة الاتحادية العليا، ٢٠٢٢) و دواتر بەهۆی سکاڵای عێراق لە دادگای نێوبژیوانی پاریس بڕیاری ڕاگرتنی نەوتی هەرێم دەرچوو (International Chamber of Commerce; International Court of Arbitration: 2023). ئەمانەش وایکرد کە هیچ نرخێک بۆ دامەزراوە فەرمییەکانی هەرێم دانەنرێت و ئابووری سەربەخۆ کە سیاسەتێکی نوێی هەرێمی کوردستان بوو وەک

هەوڵێک بۆ پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی لەرێگەی ئەم دەزگایانەوە، تێکشکێنرا و ناچار هەرێم بۆ داهاتی نەتەوەیی رووی لەبەغدا کردەوە.

سێیەم: دادگای فیدراڵی عێراق بەپێی بریاری ژمارە (٢٣٢وموحداتها ٢٣٩، ٢٤٨ و٢٥٣/اتحادية /٢٠٢٣) لە رێکەوتی ٣٠ /٥ /٢٠٢٣، بریاری بەنایاسایی ناساندنی درێژکردنەوەی دەسەڵاتی پەرلەمانی کوردستان لەساڵی ٢٠٢٤ دەکرد کە بەهۆیەوە بەشێکی زۆری مادەکانی یاسای هەڵبژاردنەکانی هەرێمی هەڵوەشێنرایەوە و گۆرانکاری لە کورسی پێکهاتەکان و بازنەکان کرا و پەرلەمان پەکخرا و هەر هەمان دادگا لەبریارنامەکەدا داوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنی نوێی پەرلەمانی کرد بەسەرپەرشتی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانی عێراق (المحكمة الاتحادية العليا، ٢٠٢٤). ئەمەش دەستوەردانێکی راستەوخۆی دامەزراوەکانی فیدراڵی بوو لەکاروباری ناوخۆی هەرێم کە پێچەوانەی ماددەکانی (١١٥-١١٧-١٢١) دەستووری عێراقە (بروانە دەستووری هەمیشەیی عێراق، ٢٠٠٥: ٢٥-٢٦). لێرەدا دەتوانین پشتراستی گریمانەی توێژینەوەکە بکەین کە درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان (یاسای ژمارە ١٢ی پەرلەمانی کوردستان، ٢٠٢٢)و تەمەنی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی لەهەرێم لەساڵی دواتر (بریاری ژمارە١٠ی پەرلەمانی کوردستان، ٢٠٢٣) بە بێ سازانی نیشتمانی و بەفشاری پارتە سیاسییەکان لەسەر پەرلەمان بووە هۆکاری لاوازبوونی دامەزراوەی یاسادانان بۆ پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی و رێگەخۆشکردن بۆ دەستوەردانی دادگای فیدراڵی عێراق بۆ هەڵوەشاندنەوەی تەمەنی هەردوو دەزگاکە.

چوارەم: دادگای باڵای فیدرالی بەپێی بریاری ژمارە (١٢٤/اتحادية/٢٠٢٣) لە رێکەوتی ٢٠٢٣/٩/٢٤، بریاری بەنایاسایی ناساندنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانیدا (المحكمة الاتحادية العليا، ٢٠٢٤). ئەمەش دیسان دەستوەردانی ناوخۆی دامەزراوەکانی هەرێم بوو.

هەموو ئەو بریارانە مەترسیان لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی لەهەرێمی کوردستان دروست کرد چونکە بەئاشکرا هەست بە بچووککردنەوە و بێ دەسەڵاتکردنی دامەزراوەکانی هەرێم و بەهێزکردنەوەی حوکمی ناوەنگەرایی دەکرا.

**٣-٣-٣- رۆڵی دامەزراوەکان لە یەکگرتوویی و سەربەخۆیی سیستمی سیاسی**

ئاڵنگارییەکانی بەردەم بەدامەزراوەیبوونی دەزگاکان لەهەرێمی کوردستان هەر تەنها کێشەی ناوخۆیی دروست نەکردووە، بەڵکو کاریگەری نەرێنی کردۆتە سەر مافی هەرێمەکە و نەتەوەکە لەدەرەوە (وەیسی، ٢٠٢١: ٢٧٣). بۆ سەربەخۆیی سیستمە سیاسییەکە، دەتوانین لەدوو دیوەوە سەیری رۆڵی دامەزراوەکان بکەین. لەلایەک دامەزراوەکانی فەرمی رۆڵی گرنگیان گێراوە بۆ پاراستنی بەها و رەهەند و سەربەخۆیی نەتەوەیی. بۆ نموونە لە گشتپرسی ساڵی ٢٠١٧ کە یەکێک لەوێستگە گرنگەکانی نەتەوەیی بوو، بەبەشداری زۆربەی پارتە سیاسییەکان، دامەزراوەی یاسادانان و جێبەجێکردن توانیان هەم لەرووی یاسایی و هەم کاری جێبەجێکاری، پرۆسەکە بەئەنجام بگەیەنن بەسەرکەوتووانە. یاخود لەمانەوە و بەرگەگرتنی قەیرانەکان و بەرەوپێشەوەبردنی سیستمەکە رۆڵیان هەبوو. بەڵام لەلایەکی ترەوە، بەهۆی هەژموونی بێ سنووری پارتە سیاسییەکان لەسەر ئەم دامەزراوانە، بۆشایی یاسایی ئەوتۆ دروست بووە کە هەل و دەرفەتی داوەتە حکومەتی ناوەندی عێراق و دەوڵەتانی هەرێمی و نێودەوڵەتی بۆ دەستوەردان ناوخۆیی (وەکو لەسەرەوە باسکراوە) کە لێکەوتەی خراپی لەسەر سەربەخۆیی سیستمەکە هەبووە. بۆیە یەکێک لەبەربەستە گەورەکانی بەردەم سەربەخۆیی سیستمەکە و یەکگرتووییەکەی بریتییە لەنەبوونی نیەتی پارتە سیاسییە سەرەکییەکانی هەرێم بۆ ئەم مەبەستە، و درێژبوونەوەی حوکمی دوو ئیدارەیی، لۆژیکێکی لە جیاوازی کولتووری سیاسی و دامەزراوەیی دروست

کردووە کە دەکرێت وەکو هەڕەشە لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی سەیر بکرێت (UK Home Office, 2023: 31-32). بەبڕوای توێژەران زمکان علی و ماک سکێلتون، ئەگەرچی پارتەکانی ئۆپۆزسیۆن چونە ناو دەسەڵاتەوە بەهیوای چاکسازی لە دامەزراوەکان و نەهێشتنی گەندەڵی و دەستوردانی حزبیی لە دامەزراوەکان، بەڵام ئەم هەوڵانە بەشێوەیەکی دراماتیکی شکستیان خوارد، چونکە وەزیرەکان و بەرپرسەکان دەسەڵاتی تەواویان نەبوو بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجانە ( UK Home Office, 2023: 35).

ئەمانە وایانکردووە کە دامەزراوەکان و بڕیارەکانی حکومەت لەهەموو سنووری هەرێمی کوردستان وەکو یەکتر جێبەجێ نەبێت. بۆ نموونە سەرەڕای فشار و پلان و هاوکاری نێودەوڵەتی بۆ یەکگرتنەوەی هێزی پێشمەرگە و هێزە چەکدارەکان، بەڵام لەبەر دەستوەردانی راستەوخۆی دەزگا حزبییە باڵاکان، نە ئەو هێزانە بەگوێرەی پلانەکە یەکیان گرتۆتەوە و نە کەوتونەتە ژێر رکێفی یاسا بەرکارەکان و دەسەڵاتداریەتی بەرپرسی تایبەتمەند بە بوارەکە (چاوپێکەوتن٢، ٢٠٢٥). بێگومان نەبوونی هێزێکی چەکداری نیشتمانی و نەتەوەیی یەکگرتوو، لێکەوتەی راستەوخۆی دەبێت لەسەر نەبوونی یەکگرتوویی و سەربەخۆیی دامەزراوە مەدەنییەکانی تر.

یەکێکی تر لە بەربەستی بەردەم رۆڵی دامەزراوەکان بۆ سەربەخۆیی و ئەدای سیاسی، زاڵبوونی سەرکردەی کاریزمایە کە سیمایەکی گشتی بەخشیوەتە سیستمی سیاسی هەرێمی کوردستان. بەهۆی سیاسەتی ئەم سەرکردانەوە کە قۆرغی دەسەڵاتی دارایی، سەربازی و سیاسی ناوخۆی حزبەکەیان کردووە، دامەزراوەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن لەهەرێم سەربەخۆ نین و تەنها ئەرکیان بۆتە پەسەندکردنی بریار و راسپاردەکانی ئەم سەرکردانە (Nuri, 2022: 133). بەگشتی دامەزراوەکان رۆڵی سەربەخۆ و بابەتیانەیان نەبووە لە پرۆسەی نەتەوەسازی و نیشتمانسازی و بەگوێرەی بەرژەوەندی تایبەتی بەشێک لەسەرکردە سیاسییەکانی ناو پارتەکان مامەڵەیان کردووە ئەمەش لێکەوتە خراپی لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی هەبووە. ئەمە وایکردووە کە ئەگەرچی خەڵک لەپرۆسەی گشتپرسی ساڵی ٢٠١٧ زیاتر لە ٩٢% ی دەنگی بۆ جیابوونەوە لەعێراقدا، بەڵام لەراپرسیەکی شەش ساڵ دواتر(٢٠٢٣) زیاتر لەنیوەی هەمان خەڵک دەنگیان بۆ گەڕانەوە بۆسەر بەغدا دایەوە (بڕوانە راپرسی کۆمپانیای شیکار، ٢٠٢٣). ئەم ئەرگیومێنتەش پێمان دەڵێت کە ئاسایشی نەتەوەیی لەژێر مەترسیدایە ئەگەر پرۆسەی بەدامەزراوەیکردنی حەقیقی نێتەکایەوە و دامەزراوەکان لەجیاتی خزمەت بە کەس و گروپێک، خزمەت بە پرۆسەی نەتەوەسازی بکەن.

### ٤- دەرئەنجامەکان و پێشنیارەکانی توێژینەوەکە

#### ٤-١- دەرئەنجامەکان

١- دامەزراوەکانی سیاسی جگە لەرێکخستنی ژیانی تاکەکان و کۆمەڵگە بەگشتی، میکانزمی سەرەکی بونیاد و مانەوە و پاراستنی نەتەوەیین و دەتوانن پارێزگاری لەرەهەندەکانی نەتەوەیی بکەن لەرێگەی ئەو یەکانەی لەناو سیستمی سیاسی هەن.

٢- هەرچەندە دامەزراوەی بەهێز و بابەتی بۆ پرۆسەکانی نەتەوەسازی و دەوڵەتسازی لەهەرێمی کوردستان بۆتە پێویستییەکی حەتمی و لەپێشینە، بەڵام بە پێوەری تیۆریی، کێشەی بەدامەزراوەیبوون لەناو سیستمەکە هەیە، چونکە ئەم دامەزراوانە نەیانتوانیوە دەسەڵات لەدەستی تاک و گروپەکانی نافەرمی دەربێنن و بەگوێرەی یاسا و رێساکانی بەرکار سیستمی سیاسی بەڕێوەببەن.

٣- دەرهاوێشتەکانی توێژینەوەکە، فاکتەرەکانی جوگرافی و کولتووریی رەتدەکاتەوە وەکو بەربەستی بەردەم رۆڵی بەدامەزراوەییبوون و کاریگەری لەسەر پاراستنی نەتەوەیی.

٤- بە لەبەرچاوگرتنی مێژووی سی ساڵی تەمەنی سیستمەکە و ئەزموونی حوکمڕانێتی لەهەرێمی کوردستان، بۆمان دەردەکەوێت کە نیەتی بونیادنانی دامەزراوەی بەهێز و بەدامەزراوەیکردنی دەزگاکان نیە لەلایەن نوخبە و سەرکردە سیاسییە سەرەکییەکان. هەرکات ئەم باوەڕە لەلایەن ئەم سەرکردانەوە دروست بێت، کولتوور و جوگرافیا ناتوانن بەربەست بن، و هاوڵاتیان بەناچاری پابەندی یاسا و رێنمایی و کاری دامەزراوەکان دەبن و تەنها بەدامەزراوەییبوون دەتوانێت سنووری جوگرافی و کولتووری دوو ئیدارەیی و دوو دامەزراوەیی لەهەرێمی کوردستان بسڕێتەوە.

٥- بەهۆکاری سەربەخۆنەبوونی دامەزراوەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن و دەستوەردان بۆ پاراستنی بەرژەوەندی کەسی، هیچ هەڵبژاردنێک و کابینەیەک لەکاتی خۆی پێکنەهاتووە. ئەمەش هەلی دایە دەستی دامەزراوەکانی فیدراڵی کە دەستوەردان بکەن و بڕیار لە هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمانی کوردستان و کۆمسیۆن و یاسای هەڵبژاردنەکان و حکومەتی لۆکاڵی (پارێزگاکان) بدەن و رێگری بکەن لەسەربەخۆ فرۆشتنی نەوت و پرۆسەی ئابووری سەربەخۆ و ...هتد. بەهۆی نەبوونی دامەزراوەی بەهێز و سەربەخۆ نەبوون و ئەدای خراپی دامەزراوەکان، کیانی سیاسی هەرێم و ئاسایشی نەتەوەیی کەوتە بەر مەترسییەوە لەدوای ساڵی ٢٠١٧ەوە. عێراق دەستیگرتەوە بەسەر سنوورەکانی هەرێم لەگەڵ دەرەوە و فرۆشتنی نەوت و سەرپەرشتیکردنی هەڵبژاردنەکانی دامەزراوەی یاسادانان و تەنانەت مامەڵەکردن لەگەڵ فەرمانبەران و خانەنشینانی هەرێم و چەندین دەستوەردانی تر.

٦- لەکۆتاییدا، پێمانوایە کە خودی دامەزراوەییبوون خۆی بەهایەکی باڵای نەتەوەییە. بەڵام بەو مۆدێلەی ئێستای کارکردنی دامەزراوە فەرمییەکان، پرۆسەی بەدامەزراوەییبوونی حەقیقی و بابەتیانە نایەتەکایەوە. دابەزینی بەشداری سیاسی لەهەڵبژاردن لەدوای هەڵبژاردن و کەمبوونەوەی متمانەی سیاسی و رەوایەتی سیاسی، کەلێنێکی گەورەی لەنێوان خەڵک و دەسەڵات دروست کردووە کەوایکردووە خەڵک بێ هیوا بێت لە پرۆسەی بەدامەزراوەییبوون و نەتەوەسازی.

**٤-٢- پێشنیارەکان**

یەکەم: پەیمانێکی نەتەوەیی سەرتاسەری لەنێوان سەرکردایەتی پارتە سەرەکییەکان پێویستە بۆ ئازادکردنی دامەزراوەکان لەهەژمونی حزبیی و رێگەدان بەکارکردنی ئەم دامەزراوانە بەگوێرەی یاساکان.

دووەم: دەست بەهەڵمەتێکی چاوپۆشینەکردن لەهیچ گەندەڵی و لەیاسالادانێک بکرێت و کاری زۆربەی سێکتەرەکان بەشەفافانە ئەنجام بدرێت.

سێیەم: سەربەخۆیی دادوەری و کاری دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بەکردەیی بێتەکایەوە و پارتە سیاسییەکان دەستوەردان لەکاری دادوەرو دادگاکان نەکەن بۆ پارێزگاری دامەزراوەکان.

چوارەم: هەوڵی هۆشیاری کاری دامەزراوەیی و راهێنانی فەرمانبەران و بەرپرسەکانیان بەباشترین کوالیتی سەردەم بدرێت.

پێنجەم: کۆتایی بە پێشێلکاری یاسایی تەواوبوونی خولەکانی دەسەڵاتی یاسادانان، جێبەجێکردن داداوەری، کۆنگرەی پارتە سیاسییەکان و دامەزراوە فەرمیی و نافەرمییەکانی تر بێت و سەروەری یاساکان بگەڕێنرێتەوە.

**ليستی سەرچاوەکان**


یەکەم: سەرچاوە کوردییەکان

أ- کتێب:

20- صادق، د. بارزان جوهر. (٢٠٢١) متمانەی سیاسی بە سیستمی سیاسی هەرێمی کوردستان. چاپخانەی جنگڵ. تەهران.

21- فۆکۆیاما، فرانسیس. (٢٠٠٩). بونیادنانی دەوڵەت: سیستمی جیهانی و کێشەی دەسەڵات و بەڕێوەبردن لەسەدەی بیست و یەکەمدا. و. اسماعیل کوردە. چاپخانەی کاردۆ.

22- قدرو، د. عمر احمد. (٢٠٠٩). ئاسایشی نەتەوەیی و ئاسایشی دەوڵەت. دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی. ژ. ٥٤. هەولێر.

مەنوفی، د. کەمال. (٢٠٠٧). تیۆرەکانی سیستمە سیاسییەکان. و. ئاوات ئەحمەد، چاپخانەی یاد.

23- ئاسمۆگلو، دارۆن و رۆبنسۆن، جەیمس. (٢٠١٤). بۆچی نەتەوان شکست دێنن؟ و. هۆشیار سیوەیلی، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر.

24- ب- دەستوور و یاسا و بڕیارەکان:

25- دەستووری عێراق (٢٠٠٥) ماددەکانی ١١٧-١٢٠-١٢١...هتد.

یاسای ژمارە ١٢ ی پەرلەمانی کوردستان (٢٠٢٢). سەبارەت بەدرێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمانی کوردستان. لەم بەستەرە: https://www.parliament.krd/media/13934/%DB%8C%D8%A7%D8%B3%D8%A7%DB%8C-%DA%98%D9%85%D8%A7%D8%B1%D9%87-12-%DB%8C-%D8%B3%D8%A7%DA%B5%DB%8C-2022.pdf (سەردانی: ٢٢ی جەنیوەری ٢٠٢٥).

بڕیاری ژمارە (١٠) ی پەرلەمانی کوردستان (٢٠٢٣) سەبارەت بەبەردەوامبونی ئەندامانی ئەنجومەنی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی وهەڵبژاردنی دوو ئەندامی تر بۆ ئەنجومەنەکە لەهەرێمی کوردستان. لەم بەستەرە: https://www.parliament.krd/media/14731/10.pdf(سەردانی: ٢٢ی جەنیوەری ٢٠٢٥).

پرۆتۆکۆڵەکانی ساڵی ٢٠١٧ی پەرلەمانی کوردستان (٢٠٢٠). لەم بەستەرە: https://www.parliament.krd/media/13524/%D8%A8%D8%B1%D8%AA%D9%88%D9%83%D9%88%D9%84%D9%8A-107.pdf(سەردانی: ٢٢ی جەنیوەری ٢٠٢٥).

قرار المحكمة الاتحادية العليا رقم(٩١-٩٤-٩٦)(١٨-٩-٢٠١٧). لەم بەستەرە: https://www.iraqfsc.iq/krarid/91_fed_2017.pdf(سەردانی: ٢٣ی دیسەمبەری ٢٠٢٤).

قرار المحكمة الاتحادية العليا رقم (٥٩) (١٥-٢-٢٠٢٢). لەم بەستەرە: https://www.iraqfsc.iq/news.4805/ (سەردانی: ٢٣ی دیسەمبەری ٢٠٢٤).

قرار المحكمة الاتحادية العليا رقم (١٢٤) (٢٤-٩-٢٠٢٣). لەم بەستەرە: https://www.iraqfsc.iq/krarid/124_fed_2023.pdf (سەردانی: ٢٣ی دیسەمبەری ٢٠٢٤).

قرار المحكمة الاتحادية العليا رقم(٨٣)(٢١-٢-٢٠٢٤). لەم بەستەرە:
https://www.iraqfsc.iq/krarid/83_fed_2023.pdf(سەردانی: ٢٣ی دیسەمبەری ٢٠٢٤).

٢٦- ت- تێزی دکتورا:

27- عبدالكريم، ئومێد عبدالقادر. (٢٠٢٣). شیکردنەوەی سروشتی دەسەڵاتی سیاسی لەروانگەی تیۆری دامەزراوەیی: دەسەڵاتە گشتییەکانی هەرێمی کوردستان وەکو نموونە. تێزی دکتورا. زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

ث- چاوپێکەوتنەکان:

چاوپێکەوتن١، لەگەڵ د. عدنان مجيد (٢٠٢٥) پسپۆڕی بواری ئاسایشی پەروەردەیی. هەولێر.

چاوپێکەوتن٢ لەگەڵ لیوایەکی سەربازی کە ناوی لەلای توێژەر پارێزراوە (٢٠٢٥). پسپۆڕی بواری سەربازی. هەولێر.

چاوپێکەوتن٣، لەگەڵ لیوایەکی سەربازی کەناوی لەلای توێژەر پارێزراوە (٢٠٢٥). پسپۆڕی بواری سەربازی. هەولێر.

چاوپێکەوتن٤، لەگەڵ د. ڕێباز زاهیر (٢٠٢٥). پسپۆڕی بواری ئابووری. هەولێر.

چاوپێکەوتن٥، لەگەڵ ئەردەلان عبدالواحید (٢٠٢٥). بەڕێوەبەری گشتی لە کۆمپانیاکانی خۆشناو.

28- ج- توێژینەوەو وتاری ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان:

29- ڕاپرسی کۆمپانیای شیکار. (٢٠٢٣). ڕاپرسییەکی دیکەی کۆمپانیای شیکار: درەو میدیا. لەم بەستەرە: https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=12462(سەردانی: ٢٦ی جەنیوەری ٢٠٢٥).

کریم، هەورامان فەریق. (٢٠٢٣). ئاسایشی نەتەوەیی. وەرزنامەی ئێرانناسی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەناسی، ژ. ٩(٣). لەم بەستەرە: https://www.centerfs.org/conceptualization-national-security/ (سەردانی: ٢٠ی نۆڤیمبەری ٢٠٢٤).

حەمەدەمین، سۆلین. (٢٠٢٥). پار هەرێمی کوردستان نزیکەی ٤٠ هەزار تۆن پەتاتەی هەناردە کردووە. تۆڕی میدیای ڕووداو. لەم بەستەرە: https://www.rudaw.net/sorani/business/230120253 (سەردانی: ٢٦ی جەنیوەری ٢٠٢٥).

**30- دووەم: سەرچاوە عەرەبییەکان**

أ- توێژینەوە:

وەیسی، د. عوسمان على (٢٠٢١). الإطار الدستوري والقانوني ملأسسة برملان إقليم كوردستان. کۆنفرانسی زانستی ژ. ٩، زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی.

ب- وتاری ماڵپەڕە ئەلکترۆنییەکان

الاركوازي، صلاح. (٢٠٢٠). مقدمة في أبعاد الأمن القومي. لەم بەستەرە: https://kitabat.com/%D9%85%D9%82%D8%AF%D9%85%D8%A9-%D9%81%D9%8A-%D8%A3%D8%A8%D8%B9%D8%A7%D8%AF-%D8%A7%D9%84%D8%A3%D9%85%D9%86-%D8%A7%D9%84%D9%82%D9%88%D9%85%D9%8A/ (سەردانی: ١٨ی جەنیوەری ٢٠٢٥).

**31- سێیەم: سەرچاوە ئینگلیزییەکان:**

أ_ فەرهەنگە ئۆنلاینەکان:

Oxford Lexico Dictionary. (2021). Rentier. [online]: Available at:

ب- کتێب:

Williams, P. (2008) Security Studies. Routledge: Taylor & Francis Group.

Kitler, W. (2021). National Security; Theory and Practice. Warsaw: The Publishing House of the Society of Defence Knowledge.

ت- جۆرناڵە ئەکادیمییەکان:

Dlemestri, G. (2007). Institutional Theory. In Steward R. Clegg and James R. Bailey. *International Encyclopaedia of Organisations Studies***.** [online] Vol. 2. Available at: file:///C:/Users/Barez/Downloads/Institutional_Theory.pdf [Accessed: 17th November 2024].

Guy, P. (2000). Institutional theory: problems and prospects. (Reihe *Politikwissenschaft* / Institut für Höhere Studien, Abt. Available at: https://nbn-resolving.org/urn:nbn:de:0168-ssoar-246573 [Accessed 18th November. 2024].

Fleck, D. (2007). Institutionalization and organizational long-term success. *BAR - Brazilian Administration Review*. [online] Volume 4 (2). Available at: https://www.scielo.br/j/bar/a/jB49LKhckFkytZLvRjZZvYd/?lang=en [Accessed: 19th November 2024].

Osho, A., Abasi, I., and Ekweli, F. (2017). Institutionalization: A contemporary perspective of the old and new institutionalism for managers. *International Journal of Social Science and Humanities Research*. [online]. Vol. 5(4). Available at: https://www.researchgate.net/profile/Adesina-Osho/publication/320835454_InstitutionalizationA_contemporary_perspective_of_the_old_and_new_institutionalism_for_managers/links/59fc95270f7e9b9968be03d5/InstitutionalizationA-contemporary-perspective-of-the-old-and-new-institutionalism-for-managers.pdf [Accessed 21rd November. 2024].

Isakov, O. (2022). Interpretation of the concept of National Values. *World Bulletin of Social Sciences*. Vol. 17. Available at: https://www.scholarexpress.net [Accessed 6th December 2024].

Chul. C. (2009). Conventional and Critical Constructivist: Approaches to National Security: An Analytical Survey. *The Korean Journal of International Relations*, Vol. 49(3). [Accessed 2nd December 2024].

Khan, I., Ahmed, A., and Shah, A. (2019). Nexus between Political Development and Institutionalization: An Analysis of the Institution Building Approach. *Pakistan Social Sciences Review*. Vol. 3 (1). Available at: https://pssr.org.pk/issues/v3/1/nexus-between-political-development-and-institutionalization-an-analysis-of-the-institution-building-approach.pdf [Accessed 7th December 2024].

Igbogo, E. (2015). National Security and National Development. *International Journal of Arts and Humanities*. (IJAH). Vol. 4(2). Available at: http://dx.doi.org/10.4314/ijah.v4i2.1 [Accessed 9th December 2024].

Singha1, K., and Singha2, M. (2022). Political stability and its effect on economy: some lessons from Sikkim Himalaya. *Journal of Social and Economic Development*. Available at: https://pmc.ncbi.nlm.nih.gov/articles/PMC9427090/pdf/40847_2022_Article_199.pdf [Accessed 9th December 2024].

Khalil, H. (2024). Unpacking Challenges in the Path of Bureaucratic System and Institutionalization in the Kurdistan Region. *Zanco journal*. Vol. 22(36). Available at: https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JLP/article/view/1644/945 [Accessed 14th December 2024].
Nuri. Z. (2022). Political History of the DE-FACTO Kurdistan Region-Iraq . *Kovara Kurdinameyê ya Navnetewî*. No 6. Available at: https://dergipark.org.tr/en/download/article-file/2285637. [Accessed 25 January 2025].

ث- یاساو ڕێساکان

32- International Chamber of Commerce; International Court of Arbitration: (2023). CASE No 20273/AGF/ZF/AYZ/ELU. Available at: https://drive.google.com/file/d/1V72OzUQKjozN1czgYSYpfDs0cgLg7xjj/view. [Accessed 25 January 2025].

ج- توێژینەوەی زانکۆکان و ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە

Stevenson, R., Hamm, K., Spiegelman, A., and Hedlund, R. (2009). Institutionalization: New Concepts and New Methods. 21st International Political Science Association World Congress: Santiago, Chile. Available at: https://www.randystevenson.com/wp-content/uploads/2014/09/Institutionalization.pdf[Accessed18thNovember. 2024].
Aziz, S., and Wahab, B. (2023). Family Rule in Iraq and the Challenge to State and Democracy. The Washington Institute for the Near East Policy. No. 143. Available at: https://www.washingtoninstitute.org/sites/default/files/pdf/PN143Corr.pdf [Accessed 16th December 2024].
Wahab, Y. (2008). Democratic Political Institutions in The New Federal Iraq. LUND University. Available at: https://lup.lub.lu.se/luur/download?func=downloadFile&recordOId=1320144&fileOId=1320145 [Accessed 16th December 2024].
Mustafa, M. (2016). Iran's Role in the Kurdistan Region. Aljazeera Center of Studies. Available at: https://www.researchgate.net/publication/365615997_Iran's_Role_in_the_Kurdistan_Region [Accessed 21 December 2024].
Ozcelik, B. (2024). An Uneasy Stalemate? Iran and Turkey Manoeuvre in Iraqi Kurdistan. The Royal United Services Institute (RUSI). Available at: https://www.rusi.org/explore-our-research/publications/commentary/uneasy-stalemate-iran-and-turkey-manoeuvre-iraqi-kurdistan [Accessed 22 December 2024].
UK Home Office. (2023). Country Policy and Information Note Iraq: Opposition to the government in the Kurdistan Region of Iraq (KRI). Available at: https://assets.publishing.service.gov.uk/media/6748761e6f60e77679723999/IRQ+CPIN+Opposition+to+the+government+in+the+Kurdistan+Region+of+Iraq+_KRI_.pdf [Accessed 25 January 2025].

ح- وتار و ماڵپەڕە ئەلکترۆنییەکان

Anil. (2019). National Security: Concepts & Components. [online]: Available at: https://www.scribd.com/document/421358726/DOC-20190311-WA0006 [Accessed 20th November 2024].

Rezwan, R. (2023). Nation, Nationality, and Nationalism. [online]: Available at:https://www.researchgate.net/publication/371443004_NATION_NATIONALITY_AND_NATIONALISM [Accessed 20th November 2024].

Owen, J. (2017). Liberalism and Security. Oxford Research Encyclopedia of International Studies [online]: Available at: https://oxfordre.com/internationalstudies/oso/viewentry/10.1093$002facrefore$002f9780190846626.001.0001$002facrefore-9780190846626-e-33 [Accessed 2nd December 2024].

European Parliament (2017). Iraqi Kurdistan's independence referendum. Available at: https://www.europarl.europa.eu/RegData/etudes/BRIE/2017/608752/EPRS_BRI(2017)608752_EN.pdf [Accessed 24th November 2024].

Hama, H. (20217). Politicized Forces and the Issue of an Independent Kurdish State. Politicized Forces and the Issue of an Independent Kurdish State. the Washington Institute for Near East Policy. Available at: https://www.washingtoninstitute.org/policy-analysis/politicized-forces-and-issue-independent-kurdish-state [Accessed 25 January 2025].